دووهەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکات

# دواڕۆژ

٢٠٢٥/١٢/٢٢- ی بەفرانباری ١٤٠٤ی هەتاوی، ساڵی دەیەم، ژمارەی ١٤٠

dwaroj.net

چاوخشاندنێك بە سەر خەباتی ژنان لە کوردستانی ئیراندا



٤

ڕۆڵی ژنانی کۆمەڵە لە بزووتنەوەکانی کوردستاندا



٦

ئەوان شۆڕشی خۆیان لە ناو دەستەکانیاندایە



٩

## سەروتار

### گلۆڵەی کۆماری ئیسلامیی ڕوو لە لێژی..!

**محەمەد حەکیمی**

سیستەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی سیستەمێکی داخراوە و ئەوەش وایکردووە کە کەسە نزیکەکانی ئەو دەسەڵاتە، کۆمەڵگایەکی داخراو بۆ خۆیان لە ناو ئێران دروست بکەن و وەها لەو داخراوەیەدا ماونەتەوە کە هیچ شتێک نابیین جگە لە ولایەتی فەقیە و بە بێ بیرکردنەوە هەموو بڕیارەکانی ئەو مەرجەعە جێبەجێ دەکەن، لە بەرانبەردا دۆخی ئابووری لە ئێران گەیشتووەتە ئاستێکی قەیراناوی کە خەڵک ژیانی بۆ نەماوەتەوە و هەنووکە ئەوەی لە ئێران ڕوو دەدات ڕاپەرینی جەماوەرەییە و ئێمە ڕۆژانە شاهیدی مانگرتن و هاتنە سەر شەقامی کرێکاران، مامۆستایان و خانەنشین کراوەکانین. لە دوایین کردەوەدا ڕووداوی ماراتۆنی «کیش» بوو، کچان بێ ئەوەی ترسێکیان لە ڕژیم هەبێت هەموو بەهاکانی ئەو ڕژیمەیان خستە ژێر پرسیار و کۆڵەکەی ڕژیمیان لەرزاندو خامنەیی و دەسەڵاتەکەیان کردە ئامانج. لەلایکی دیکەوە زانکۆ و خوێندنگاکان چیدیی توانا و تەحمولکردنی دۆخی ئەمڕۆی ئێرانیان نەماوە و دژ بە هەموو بەها نامرۆڤیەکانی کۆماری ئیسلامیی و سیاسیەتەکانی هاتونەتە سەر هێڵ و هاوکات لەگەڵ ڕۆژی خوێندکار، خوێندکاران ڕایانگەیاند کە بزوتنەوەی خوێندکاری بێدەنگ نابێت و بۆ ڕژیم ناکۆڕێتەوە. هەروەها جەختیان لەسەر گۆڕانی سیاسەتی کردەیی خۆیان لە داواکاری پیشەییەوە بۆ لەناوبردنی ڕژیم و گۆڕانی بنەڕەتی لە سیاسەتی ئێراندا کرد. لە پەنای ئەوەشدا شۆڕشی ژن ژیان ئازادی هێشتا داوکارییەکانی وەک خۆی ماوەتەوە و ئەویش بە گشتی داوای نەمان و ڕووخانی ڕژیمی ئیسلامیی ئێران و ئازادییەکانی تاک و بەها مرۆڤییەکان دەکەن. لەم ناوەدا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تایبەتی «مەسعوود پزشکیان» سەردانی زانکۆیان کرد، بەڵام کۆمەڵێک لە خوێندکاران لە سوشیاڵ میدیادا نیگەرانی خۆیان سەبارەت بە دەستبەسەرکردن و زیندانی کردنی خوێندکاران و ئەستێرەدارکردنیان و حوکمی لە سێدارەدانی «ئێحسان فەریدی» دەربڕیوە. .

بەرچاوە کە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیی چەشنێ دەوڵەت لە ناو دەوڵەتە و لە ڕاستیدا دوو دەوڵەت بوونی هەیە و سیستمی دەسەڵاتداری لەو وڵاتە سیستەمیکی سەقەتە سەرۆک کۆمار و مەجلیس و بەرپرسی مەجلیس کە بە ناو لە ڕێگەی دەستوور و بە پێی دەنگ هەڵدەبژێردرێن،

...بۆ ل ٢

# "سوسیالیزم" وەڵامی ئاواتی لەمێژینەی مرۆڤە بۆ نەهێشتنی نایەکسانی




چەن ساڵێکە بەدوای یەکدا بزووتنەوەگەلێکی مەزن لە ناو قووڵایی شەقامەکانی ئێراندا هاتوونەتە ئاراوە کە هەر کامیان بەدوای خۆیدا کۆمەلێک ئالووگۆری جیددی درووستکردوە کە بە گشتی باس لە بەهێز بوون و گشتگیر بوونی ڕەوتێکی ڕادیکاڵ لەناو قولایی دڵی کۆمەڵگای ئێراندا دەکات. گەشەی وشیاری و چینایەتی و سیاسی و لادان لە باوەڕە کۆنەکان، ئەو هەنگاوانەن کە بەرهەمی ئەو دۆخەن. ئەم بزووتنەوانە ئەگەرچی نەیاتوانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی بە چۆک دابێنن بەڵام توانیان قۆناغی خەبات و تێکۆشان بە ئاراستەیەکی تردا بەرن. جۆش و خرۆشی پێبدەن و گیانێکی تازەی پێبەخشن و شۆڕش بەرنەوە سەر ڕێچکەی خۆی. ئاخێزەکان وەک هەورە بروسکە لە ئاسمانێکی ساماڵەوە هاتن. هەزاران ڕۆڵەی تووڕە بۆ نارەزایی دەربڕین شەقامەکانی ئێرانیان داگیر کرد. ئەوان خوازیاری ڕوخانی ڕژمێک بوون کە دەسەڵاتداریتی ئەو نەیتوانیبوو ببێتە مۆدێلێکی سەرنجڕاکێش بۆیان. ئەو دەسەڵاتە گەلێک قەیرانی قووڵی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بۆ هێنابوون. کەواتە دەبوو لەدژی ڕابوەستن. ئاخێزەکان و مانگرتن و خرۆشانەکان کە هەرکامیان دەخووڵقان، بەکردەوە هاوسەنگی هێزیان لە گۆڕپانی سیاسی کۆمەڵگای ئێراندا دەگۆڕی و بەستێنێکی گونجاویان بۆ گەشەی خەباتی نارازیان لە دەسەڵات دەخولٌقاند. بەستێنێک کە تا بە ئەمڕۆش ترس و لەرزی لە ئەگەری دووپات بوونەوەی وەها ڕووداوگەلێک، خستۆتە جەستەی ڕژیمەوە .دەبیندرا، هەڵکردنی ئاڵای نیشتمانی

...بۆ ل ٢

## تایبەت



### سۆسیالیزم، تاقە ڕێگای گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان

**م.ئارێز.سنە**

ئەمرۆ کۆمەڵگای ئێران لە ژێر قەیرانێکی ئابوری ڕیشەییدا چەقی بەستووە و دەستوو پەنجە نەرمدەکات. ئەم قەیرانانە لە ماوەی دەسەڵاتی ئەم ڕژیمەدا نەک چارەسەر نەکراون بەڵکوو ڕێگا چارەیەکیش بۆ چارەسەر کردن و یان تەنانەت بۆ هێور کردنەوەشیان لەبەردەستدا نییە.

قەیرانەکان و گرفتە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت نەتەوەییەکانیش لەهەڵکشاندان و ئاسۆیەکی وەها بۆ چارەسەرکردن و ریشەکێش کردنیان لە بەرنامەو سیاسەتی ڕۆژانەی ئەم ...دەسەڵاتەدا نابیندرێ. کۆی گشتی ئەم قەیرانانە رژیمی کۆماری ئیسلامیی و .......

...بۆ ل ٣

## کۆمەڵایەتی



### منداڵ بەردی بناغەی کۆمەڵگە

**تەلار ئیوەر**

قۆناغی منداڵی لە گرنکترین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤە، ئەمە تەنها مەبەست پێی ماوەی ئامادەکردن نییە بۆ داهاتوو، بەڵکو ئەوە ژیانی ئێستایەتی کە پێیدا تێپەڕدەبێت و دەبێتە بنچینەیەک بۆ داهاتووی، چونکە پەروەردەکردنی تەمەنی پێش چونە خوێندنگە کەسایەتی و داهاتووی مرۆڤ دیاری دەکات، هەر چەندە ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەرگیز نەتوانرێت جارێکی تر لە پەروەردەی قۆناغی دواتری چاکسازی بۆ بکرێت وەک هەندێک لە زانایان بۆی دەچن، چونکە مرۆڤ بونەوەرێکە شایەنی گۆڕانە. بەڵام باشتر وایە بەهاوکاری خێزان و دەزگا پەروەدەییەکان هەر لەسەرەتاوە هەوڵ بدرێت مرۆڤێکی .....

...بۆ ل ٨

## یەکسانی



### سیاسەتی نێونەتەوەیی و مافەکانی مرۆڤ

**د.محەمەد حسێن زادە**

مافەکانی مرۆڤ بریتیین لە کۆمەڵە مافیک کە پێویستە مرۆڤەکان بە پێی پێگە و کەرامەتی مرۆیی و بە حوکمی مرۆڤبوونیان و بە بێ لەبەرچاوگرتنی پێگە و بارودوخ و هەلومەرج و پلەوپایە و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تر لێیان بەهرەمەند بن. ئەو مافانە مافی ژیان، ئازادی و هەموو فاکتەرە پێویستەکان بۆ ژیانی مرۆڤایەتی لەخۆ دەگرن. نۆرمەکانی (Norms) مافی مرۆڤ، پەیوەندییەک لە نیوان تاکەکان و بوارەکانی تر و ....

...بۆ ل ١٠

## درێژەی سەروتار

کەچی لە سەروو ئەوانەوە دەوڵەتێکی دیکە وڵات بەڕێوە دەبات. لە تەمەنی نگریسی ڕژیمی ئیسلامیی ئێراندا هەرچی سەرۆک وەزیر(کە ئێستا بووەتە سەرۆکی مەجلیس) هەبووە، هەموویان بە شێوەیەک یان کوژراون یان لە کار دوور خراونەتەوە یا بە شێوەی نیشتەجێکردنی زۆرە ملی لە خانووێکدا دەسبەسەر کراون. بە وتەی حەسەن روحانی سەرۆک کۆماری پێشووتری ئێران: «ئێمە دەوڵەتی بێ چەکین و دەرەقەتی دەوڵەتی چەکدار نایەین»، لە ڕاستیدا ڕێبەر و مەجلسە هەڵنەبژێراوەکەی هەموو وڵات بەڕێوە دەبەن و جگە لە وتەکانی خامنەیی هیچ شتێک پەسەند ناکرێت و ئێستە ململانیەی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە گەیشتووەتە ئاستێکی باڵا و لێکەوتەی هەبووە دەبێت.
سوپای پاسدارانیش سوپایەکی نافەرمییە و تەنها بۆ سەرکوتی گەلانی ئێران دروست کراوە و لە سەرەتای دروست بوونیەوە هەموو جومگەکانی ئابووری ئەو وڵاتەیان بە دەستەوەیە و هەموو شتەکان لە ڕێگەی ئەم گروپە تیرۆریستیەوە ئەنجام دەدرێت و ئەوان ئەو دەسەڵاتە ڕەها و کونترۆڵ نەکراوەیان داوە بە خامنەیی، بڕیارەکانی خامنەیی نە تەنها کەس ناتوانێ پاشگەزی بکاتەوە، بەڵکوو کەسیش تەنانەت ناتوانێ ناڕەزایەتی دەرببڕێ یا قسە بکات وبەرهەڵستی ببێت.
لە ئێرانی وڵایەتی فەقیهدا هەر چەشنە مل بادان تاوانێکی گەورەیە و هەر کەس دژ بە بیروڕای خامنەیی تەنانەت یەک وشە بڵێت تووشی دادگای شۆڕش دەبێت و وەک مولحد دەناسرێت و حوکمی سزای سێدارەی بەسەردا دەسپێندرێت. کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنانەت بەزەیی بە کەسە نزیکەکانی خۆشیدا نەهاتوەتەوە و زۆر دڵڕەقانە سزای قورسی بە سەر هەموویاندا سەپاندوە، بۆ نموونە، گەمارۆی مووسەوی و کەرۆبی و تەنانەت کوشتنی ڕەفسەنجانی، کەسێک کە خامنەیی کرد بە رەێبەر و لە دواییدا کەوتە بەر غەزەبی خامنەیی و بوو بە قوربانیی سیاسەتەکانی ناوبراو.
خەڵک وەڕەز بوون لە سیاسەتی ڕژیم و ئەوەش وایکردوە بە بێ گوێدانە ژیانی خۆیان جەماوەری وەزالەهاتووی ئێران بڕژێنە سەر شەقامەکان و بە هیچ شێوە وڵامی دەسەڵاتدارانی ڕژیم، نەدەنەوە. بۆ نموونە لە «ماراتۆنی کیش» کچان بە بێ ئەوەی حیجابی زۆرەملی قەبوڵ بکەن، بەشدارییان لەو ماراتۆنەدا کرد و دواتر دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی ئێران بڕیاریدا لە دادگای شۆڕشی ئیسلامیدا دۆسیەیەک بۆ بەڕێوەبرانی ئەو ماراتۆنە بە تۆمەتی بریندارکردنی هەستی گشتی دروست بکات.
لە کۆتاییدا دۆخی ئێران، چ لە ڕووی ئابووری و چ لە ڕووی پەیوەندی نێو دەوڵەتییەوە دۆخێکی زۆر هەستیار و مەترسیدارە، لە ڕووی ئابوورییەوە خەڵک توشی کێشەی جیددی بوونەتەوە و بۆ نانی ڕۆژانەی خۆیان کێشەی جیددی و بنەڕەتییان هەیە و هەر ئێستە ئێران توشی کەمی ئاو و کارەبایە. لە دەرەوەش، ڕژیم لە خراپترین ئاستی خۆیدایە و گروپە نیابەتیەکانی هەمووی شکەستی خواردوە و ڕژیم خەریکی نۆژەن کردنەوەی ئەو گروپانەیە و هەر چی پارەی لە فرۆشی نەوت دەس دەکەوێت خەرجی ئەو گرۆپانەی دەکات و ژێرخانی ئابووری ئێران بە گشتی کاول بووە و لە ئێستادا تەنها داهاتی ئێران نەوتی ئێرانە کە ئەویش لە ژێر گوشاری ئامریکا و هاوپەیمانانی هەرزان فرۆش دەکرێت. □

# کوردستان، ترپەی دڵی هەموو شۆڕشەکان...

### درێژەی مانشێت

ئاخێزەکان و مانگرتن و خرۆشانەکان کە هەرکامیان دەخووڵقان، بەکردەوە هاوسەنگی هێزیان لە گۆڕپانی سیاسی کۆمەڵگای ئێراندا دەگۆڕی و بەستێنێکی گونجاویان بۆ گەشەی خەباتی ناڕازیان لە دەسەڵات دەخولقاند. بەستێنێک کە تا بە ئەمڕۆش ترس و لەرزی لە ئەگەری دووپات بوونەوەی وەها ڕووداوگەڵێک، خستۆتە جەستەی ڕژیمەوە.
ڕووداوەکانی کۆتاییەکانی وەرزی پاییزی سالی ١٣٩٨ی هەتاوی، ئەو ڕۆژە پرشنگدارانەن لە خەباتی کۆمەڵانی ڕەنجدیتووی ئێران کە بەرزبوونەوەی سێ قاتەی نرخی بێنزین وەک چەخماخەیەک ئاگری ناڕەزایەتی و تووڕەیی پنگ خواردووی خەڵکی لە تەواوی ئێراندا گەشاندەوە و بەرەو خەباتێکی یەکگرتوانە بەدژی دڵڕەشەکانی تاران پاڵپێوەنان.
لەماوەی ٤٦ ساڵی رابردودا گەڵێک ڕووداوی لە چەشنی مانگی خەزەڵوەری سالی ١٣٩٨ی لە ئێراندا ڕوویان داوە. بەڵام ڕوداوەکانی مانگی خەزەڵوەر، خەباتی ڕەوای کۆمەڵانی بێبەشی ئێرانی خستە قۆناغێکی تایبەت و دیاریکراو. ڕووداوەکانی مانگی خەزەڵوەر ڕووداوگەلێکی لەناکاو نەبوون، بەڵکوو لەڕاستیدا، درێژەی خۆڕسکی ئاخێزی مانگی بەفرانباری سالی ١٣٩٦ی هەتاویدا بوون.
مانگی خەزەڵوەر کە دەکرێ بە مانگی شۆڕشی خەڵکی برسی لە ئێران ناوزەد بکرێ، هاوسەنگی هێزی بە قازانجی بەرەی شۆڕش لە ناو دڵی شەقامەکانی ئێراندا گۆڕی و کۆمەڵێک دەرس و ئەزموونی بە نرخی لەگەڵ خۆی هێنا کە زۆرمان وەبیر شۆڕشی کۆمەڵانی وەگیان هاتووی گەلانی ئێران، لە ڕێبەندانی سالی ١٣٥٧ دەخاتەوە.
ئەوەی ڕاستی بێ خاڵی بەهێزی ئەم ئاخێزە، گەشانەوەی بزوتنەوەیەکی سیاسی بەرین بە پانتایی هەموو ئێران بوو کە لە کورت ماوەدا توانی بێبەشانی شار و لاوانی بێکار و لەبیرکراو، لە ناخی خۆیدا ڕێک بخات و دەنگی پەنگ خواردووی ئەوان بکاتە دروشمی شۆڕشگێڕانەی بزوتنەوەکەی و جەستەی و چ لە ناو بەرەی کۆماری ئیسلامیی دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو کە بۆ جارێکی دیکە کۆمەڵگا پاش ئاخێزی مانگی بەفرانباری ٩٦ خرۆشاوەتەوە و لە وەستان نەکەوتووە.
ئێستا دوای تێپەڕ بوونی ٦ ساڵ لەم ئاخێزە ئێمە شاهیدی پیلانێکی قێزەونی

> **ئەم خەباتانە نەك هەر بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیانی خەڵك پێویستن، بەڵکوو پێویستێکی هەنوکەیین بۆ گەشەپێدانی وشیاری چینایەتی و ڕێکخراوبوونی زیاتری هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا. هەوڵدان بۆ شکڵ پێدانی جموجۆڵی نوێ لە ناو هەموو بزووتنەوەکاندا بە تایبەتی بزووتنەوەی ژنان و کرێکاران و گرێدانیان بە یەکتر دەتوانی لە کورتماوەدا کاریگەری قورسی خۆی بەسەر ڕووداوەکاندا دابنێ.**

تری دەوڵەتی مەسعوود پزیشکیانین بۆ گران کردنی سەر لە نوێی نرخی بنزین. کۆماری ئیسلامیی بە کردەوە هەم لە ناوەوە و هەم لە دەرەوە گرفتاری قەیرانی چەند لایەنەی ئابووری و کۆمەڵایەتییە. ئاخێزە کۆمەڵایەتییەکان ڕوویان لە هەڵکشان کردۆتەوە. ئەم هەڵکشانانە دەتوانن چەخماغەی دووپات بوونەوەی دەنگی ناڕازی سەر شەقام بن. ئەمرۆ بێکاری و گرانی لەوپەڕی خۆیدایە. لە وەها بارودۆخێکدا کۆماری ئیسلامیی و دەوڵەتی پزیشکیان لە پیلانێکی قێزەووندا بەتەمای بردنەسەری نرخی بێنزینن تا بەم شێوە و ڕاستەوخۆ قەیرانەکانیان بگوازنەوە بۆ سەر شان و باهۆی خەڵک.
ئەمجارەش کۆماری ئیسلامیی دەیهەوێ بەگران کردنی نرخی سووتەمەنی هێرش بکاتە سەر بژێوی خەڵک. لە مانگی خەزەڵوەردا، خەڵک تەحەمووڵیان نەکرد و شەقامیان بۆ دەربڕینی ویست و داخوازی و بەربەرەکانییە لە دژی وەها کردەوەیەکی دەوڵەت، هەڵبژارد. هێرشی ئەمجارەش دەتوانێ چەخماخەی شۆڕشێکی تر و ئاخێزێکی تر لێبدات و ببێتە دەستپێکی قۆناغێکی تازە لە خەبات و خۆڕاگریی. ڕوخانی ڕژیم پێویستێکی هەنوکەیە و جەماوەریش نیازیان بە پێداویستییەکانی ڕووخاندن هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش یەکییەتی و هاودەنگی و هاو خەباتی، داخوازییەکی حاشاهەڵنەگرە و دەتوانێ کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕژیم بێنێ. هەلێکی زێرین و بارودۆخێکی باش بۆ پەرەپێدانی خەباتی جەماوەر لە ئارادایە بە تایبەتی ئێمە لە کوردستان ئەم خەباتە بە ڕوونی دەبینین و ئاراستەکەشی دڵخۆشکەرە. بەهێزکردنی ئەو خەباتە کارێکی بەنرخە و ئەرکێکە لە سەر شانی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز.
ئەم خەباتانە نەک هەر بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیانی خەڵک پێویستن، بەڵکوو پێویستێکی هەنوکەیین بۆ گەشەپێدانی وشیاری چینایەتی و ڕێکخراوبوونی زیاتری هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا. هەوڵدان بۆ شکڵ پێدانی جموجۆڵی نوێ لە ناو هەموو بزووتنەوەکاندا بە تایبەتی بزووتنەوەی ژنان و کرێکاران و گرێدانیان بە یەکتر دەتوانی لە کورتماوەدا کاریگەری قورسی خۆی بەسەر ڕووداوەکاندا دابنێ.
بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان کە بە دەستکەوتە کۆمەڵایەتییە درەوشاوەکانی کە هەیەتی، ئاسۆیەکی نوێی بەڕووی سەرجەم کۆمەڵگەی ئێراندا کردۆتەوە، دەتوانێ وەک هەمیشە ئاوێنەی باڵانوێن بێ. ئەو خاڵانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا هەموویان دەتوان ڕێنیشاندەربن و ببنە هۆی پێکهێنانی ئاڵترناتیڤێکی شۆڕشگێڕانە و سۆسیالیستی بۆ داهاتووی کۆمەڵگای ئێران بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستان بە تایبەتی.

# سۆسیالیزم، تاقە ڕێگای گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان ...!




م. ئاریز-سنە


ئەمرۆ کۆمەڵگای ئێران لە ژێر قەیرانێکی ئابوری ڕیشەییدا چەقی بەستووە و دەستوو پەنجە نەرمدەکات. ئەم قەیرانانە لە ماوەی دەسەڵاتی ئەم ڕژیمەدا نەک چارەسەر نەکراون بەڵکوو ڕێگا چارەیەکیش بۆ چارەسەر کردن و یان تەنانەت بۆ هێور کردنەوەشیان لەبەردەستدا نییە.

قەیرانەکان و گرفتە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت نەتەوەییەکانیش لەهەڵکشاندان و ئاسۆیەکی وەها بۆ چارەسەرکردن و ریشەکێش کردنیان لە بەرنامەو سیاسەتی رۆژانەی ئەم دەسەڵاتەدا نابیندرێ. کۆی گشتی ئەم قەیرانانە رژیمی کۆماری ئیسلامیی و بەڵا و نەهامەتیەکانی سەرچاوە گرتوو لە دەسەڵاتی نیزامی سەرمایەداری، دەسەڵاتی تارانی تا ئاستی بەربوونەوە لەدەسەڵات هێناوە .ئەم ڕێژیمە لە ناو بەرەی دەسەڵاتیشدا لەگەڵ دوو بۆچوونی جیاواز و لەگەڵ کۆمەڵێک قەیرانی جیدی و دژوارو چارەهەڵنەگر بەرەوڕوویە. ڕێژیم لە ماوەی دەسەڵاتی نەحسیدا نەک هەر نەیتوانی قەیرانە ئابووری، سیاسی، ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکان کەم بکاتەوە، بەڵکوو زیاتر پەرەی پێدان. چاندنی تۆوی دوو بەرەکی لە نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران و پەرە پێدانی ناکۆکی رەگەزی و ئایینی سیاسەتی هەر رۆژەی بووە.

ئەمرۆکانێ دراوی ئێران لە نزمترین ئاستی خۆیدایە. داهاتی فرۆشی نەوت لە ژێر زەختی دەوڵەتی ئامریکا و هاوپەیمانانی لەکەمی کردووە. سەدان بنکە و ناوەندی بەرهەمهێنان لەبەرهەم هێنان وەستاون و یان لە خراپترین دۆخ دان. سفرەی ژیانی خەڵک روو لە چکۆڵەبوونەوەیەو پێداویستیەکانی ژیان لە ماڵەوە بگرە هەتا خواردەمەنییەکان بەرەوەو گران بوون دەرۆن. نرخی بێکاری لەهەڵکشاندایەو ژمارەی ڕاستەقینەی بێکاران لە ئێران زیاتر لە ٢٢ میلۆن کەسە.

توێژینەوەکان دەریدەخەن کە نزیکەی ٤٢لەسەدی کۆی بێکارانی ئێران دەرچووانی خوێندنی باڵان. پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی ئیسلامیی و زۆربەی جەماوەری خەڵک گەیشتۆتە خاڵێکی بێگەڕانەوە. دەسەڵات نەک هەر مافی ژیانێکی ئاسایی لە زۆرینەی کۆمەڵگا زەوتکردووە، بەڵکوو بە زیندان، لە سێدارەدان، سەرکوتکردنی ئازادییە دێموکراتیکەکان، دەستێوەردان لە هەموو بوارەکانی ژیانی تاکەکەسی ئینسانەکان، وەڵامی داخوازی رەوای خەڵک دەداتەوە. هەژاری، گرانی، هەڵاوسان، چەوساندنەوە، بێکاریی بەتایبەتی لە نێو جیلی خوێندەوار، کۆڵبەری، سوختبەری، گەندەڵی دارایی و ئیداریی، هەڵاواردنی ڕەگەزی، جیاکاری ئایینی، هەڵواردنی زمانی و نەتەوەیی، پەرەسەندنی منداڵانی کار و سەرشەقام، زیادبوونی تەڵاق، لەشفرۆشی، فرۆشتنی ئەندامەکانی جەستە، کۆمەڵگای ئێرانی خستۆتە سەر لێواری تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتی گەورە.
لە وەها بارووخێکدایە کە گوتاری سۆسیالیستی دەبێتە تەنیا بژاردەو تەنیا بەدیلێک کە دەتوانێ چارەسەرسازو دەرگای ڕزگار بوون بەرەو ڕووی جەماوەری وەگیان هاتووی کۆمەڵگای ئێران بکاتەوە. ئالتێرناتیوی سۆسیالیستی وەک ڕێگا چارەیەک بۆ دوارۆژی کۆمەڵگا، لە هەنگاوی کردەیی خۆیدا کۆتایی بە دەسەڵاتی دێکتاتۆر دێنێت و لەسەر وێرانەکانی ئەم دەسەڵاتە دونیایەکی شیاوی ئینسانی دادەمەزرێنێ. ئەگەر سەردەمانێک و لە سەردەمی ڕاپەرینی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە دژی ڕژیمی پاشایەتی و پاشان هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی،گوتاری چەپ بە تایبەتی لە کوردستان توانی بگاتە لوتکەو هاوسەنگی هێز بە قازانجی بەرەی خۆی بگۆرێ بەڵام لە کورت ماوەدا رووی لە کزی کرد و نەیتوانی هێز و پێگە کۆمەڵایەتیە مەزنەکەی خۆی بپارێزێ بەڵام هەنوکە بە دوای ئاڵووگۆڕە یەک لەدوای یەکەکان و شۆڕش و ئاخێز و مانگرتنە کرێکارییەکان، ئەم گوتارە توانیوێتی سەرلەنوێ خۆی دارێژێتەوەو بێتەوە ناو باس و خواستەکانەوە. سوسیالیسم رێی نیشاندەرەو وەڵامی ئاواتی لەمێژینەی جەماوەری خەڵکە. خەڵک نایانهەوێ بچەوسێندرێنەوە خوازیاری پاراستنی مافەکانیان و نەمانی نایەکسانی و هەموو کۆسپ و تەگەرەکانی ژیانن. ئەوان دژی چەوسانەوەن و دەیان هەوێ زوڵم نەمێنێ. سنورە دەسکردەکانی دەستی بەشەر کۆتاییان پێ بێ و بەرهەمی زەحمەت و کوێرەوەری خۆیان، بەدەست خۆیان بێ. کەواتە ئەم سوسیالیزمە دەتوانێ بژاردەی ئەم کۆمەڵە مرۆڤە بێ کە ئاواتی رزگار بوون دەخوازن. سوسیالیزم پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی، ئابووری و مرۆڤیە کە پێویستی بە سازکرانی بەستێنی فەرهەنگی و ئابووری بۆ هێنانە مەیدانی ئەو هێزە هەیە کە دەتوانێت ئەو سیستەمە وەکوو قۆناغێکی نوێی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ژیانی ئینسانەکاندا مسۆگەر بکا. کەواتە ئێستا زیاتر لە هەموو کاتەکان ئەم گوتارە پێویستەو دەبێ خەبات بۆ دەستەبەر کردنی بکرێ.


**قەیرانەکان و گرفتە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت نەتەوەییەکانیش لەهەڵکشاندان و ئاسۆیەکی وەها بۆ چارەسەرکردن و ریشەکێش کردنیان لە بەرنامەو سیاسەتی رۆژانەی ئەم دەسەڵاتەدا نابیندرێ. کۆی گشتی ئەم قەیرانانە رژیمی کۆماری ئیسلامیی و بەڵا و نەهامەتیەکانی سەرچاوە گرتوو لە دەسەڵاتی نیزامی سەرمایەداری، دەسەڵاتی تارانی تا ئاستی بەربوونەوە لەدەسەڵات هێناوە .ئەم ڕێژیمە لە ناو بەرەی دەسەڵاتیشدا لەگەڵ دوو بۆچوونی جیاواز و لەگەڵ کۆمەڵێک قەیرانی جیدی و دژوارو چارەهەڵنەگر بەرەوڕوویە. ڕێژیم لە ماوەی دەسەڵاتی نەحسیدا نەک هەر نەیتوانی قەیرانە ئابووری، سیاسی، ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکان کەم بکاتەوە، بەڵکوو زیاتر پەرەی پێدان. چاندنی تۆوی دوو بەرەکی لە نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران و پەرە پێدانی ناکۆکی رەگەزی و ئایینی سیاسەتی هەر رۆژەی بووە.**


بزووتنەوەی جەماوەری خەڵک هەم لە ئێران و هەم لە کوردستان، بە تایبەتی لەکوردستان کە دەکرێ وەکوو ترپەی دڵی هەموو ئاخێزو شۆڕشەکانی چواردەییەی ڕابردووی ئێران سەیر بکرێ، خاوەنی وزەیەکی پێشکەوتنخوازانە و چەپە و ڕەگەکانی سوسیالیزمی جەماوەری لە ناو خەباتەکەیدا بەرچاوە. ڕوانینی چەپ لەگەڵ خواست و ویستی جەماوەری وەگیان هاتوی کوردستان تێکەوە گلاوە و خەباتی تا ئێستای خەڵکیش لە کوردستان بە تایبەتی لە شێوەو قورسایی دروشمەکان و خواستی رۆژانەیان، سەلمێنەری ئەو راستییەن. گوتاری چەپ لە کوردستان جیاوازە لە زۆربەی ناوچەکانی دیکەی ئێران، ڕیشەیەکی قووڵی هەیە لە ناو کرێکاران، روشنبیران، مامۆستایان، گەنجانی بێکار و چالاکانی مەدەنی. ئەم پەیوەستبوونەی بنەڕەتی وای کردووە چەپ بتوانێت بە بزاوێکی خەڵکی بگۆڕدرێت و کاریگەری لەسەر گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا دابنێت. کۆمەڵەو ڕێبازەکەی ئاڵاهەڵگری لە مێژینەی ئەم خواستەن. کۆمەڵە لە خەباتی رەوای خوێدا توانیوێتی پەیوەندیی ئۆرگانیکی لەگەڵ خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش، گوندنشینان و روناکبیرانی چەپ پێک بێنێ و بەرهەم و دەسکەوتی ئەم تێکۆشانەش مانەوەی لەخەبات و جێگەو پێگەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتییە کە ئێستا بە پانتایی هەموو کوردستان هەیەتی. ئێمە لە بەرەی کۆمەڵەدا خوازیاری دادپەروەری، ئازادی، یەکسانی، ئاشتی و سەقامگیری کۆمەڵگاین. کەواتە ئەم ئامانج و ئەم فاکتۆرانە ئامرازێکی بەهێزی دەستی ئێمەن بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی. ئێمە ڕێبوارانی کۆمەڵە دەبێ پەرەپێدەری پشکووتنی ئەو پوتانسیل و ئیمکانانە بین کە لە کۆمەڵگادا بوونیان هەیەو کار بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا دەکەن. ئەمرۆ چەپ و سوسیالیزم و کۆمەڵە، پێگەیەکی مەزنی کۆمەڵایەتییان لە ڕۆژهەڵاتدا هەیە. شۆرشی ژینا، مانگرتنەکانی خەڵکی کوردستان پێش ئەم شۆڕشە و دوای ئەم شۆڕشە سەلمێنەری ئەو راستییەن. کەواتە بۆ پێشەوە بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی سۆسیالیستی و کردنی بەگوتاری زاڵ بەسەر کۆمەڵگا.

# چاوخشاندنێك بە سەر خەباتی ژنان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات

## لە نووسینی هاوڕێی گوڵڕۆخ قوبادی


وەرگەڕاندن بۆ کوردی: مەجید مارابی

### بەشی دووهەم و کۆتایی

### خەباتی چەکدارانەی ژنان

بوون بە پێشمەرگەی ژنان و پەیوەست بوونیان بە خەباتی چەکدارانە خۆی پێویستی خەبات لە دژی پیاوسالاری و دواکەوتوویەکانی کۆمەڵگە بوو. چونکە ئەو بوارەی خەبات تا ئەو کاتە بوارێکی پیاوانە بوو هاتنە ناو ئەو گۆڕەپانەو تێکشکانی ئەو لەمپەرە خەباتێکی سەختی هەم لە ئاستی کۆمەڵگە و هەم لە ریزی تەشکیلاتەکاندا پێویست بوو. ئەگەرچی بە سەرنجدان بە مێژووی ژنانی کوردستان ئێمە یەکەمین خەباتکارانی چەکداری ئەو ڕێگایە نەبووین. بەڵام ئەم دەورەیە خاوەنی تایبەتمەندیەکی تایبەت بوو کە ئەوی لەگەڵ مێژووی خۆیدا جیادەکردەوە.

- ژنانی لێبڕاو وشیار بۆ روخاندنی ڕێژیمی دیکتاتۆر و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی خەباتیان دەکرد.
- ژنان نەک هەر وەکوو تاک و بە مەبەستی هێزی پشتیوانی و یارمەتیدەر بەڵکوو بە شێوەی کۆمەڵی چەکدار و بە ئەرکێکی یەکسان لەگەڵ پیاوانیش خۆیان پێناسە کرد.
- خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافی یەکسانی ژنان و پیاوان لە بەرنامەی کاری خۆیاندا دانابوو.

بەمجۆرە دەورێکی نوێ لە خەباتی ژنان لە کوردستان دەستی پێکرد. لە مێژووی کوردستاندا ئەم تابو شکاندنە بەناوی ژنانی کۆمەڵە و کۆمەڵەوە تۆمار بووە.

### کۆماری ئیسلامی لە کوردستان هیچ کات ئارامی بە خۆوە نەبینی

ئەگەر کۆماری ئیسلامی توانی هەر جۆرە دەنگێکی ئازادیخوازی لە ئێران بە شەپۆلی گەورەی دەستگیریەکان و کوشتو برە دڕندانەکان و لە سێدارەدانەکان بتاسێنێت.

بەڵام لە کوردستان هیچ کات نەیتوانی ئارامی بە خۆوە ببینێت. سەرباری ئەوەی کە تەشکیلات لە شارەکاندا نەمابووەوە، بەڵام ژنان لە کۆڕ و کۆمەڵە بچوکەکاندا لە دەوری یەکتر کۆدەبوونەوە و بە ڕۆشتنیان بۆ ناوچە ئازادەکان و دەستخستنی هەواڵ، هەواڵەکانی پێشمەرگەیان بە خەڵک دەگەیاند. لە چالاکیە سەربازیەکانی پێشمەرگەکاندا لە ناوخۆی شارەکاندا لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و حەشاردانی پێشمەرگە و بریندارەکان و گەیاندنیان بە ناوچە ئەمنەکان و ئیمکانات بە شارەکانی تری ئێران بۆ دەرمانکردن و دەیان جۆر لەم کارانە یارمەتی ڕێکخراوەکانیان دەدا. یارمەتی ماڵیان کۆدەکردەوە و لە ڕێگای ژنان و بە تایبەت دایکان بە پێشمەرگەکانیان دەگەیاند. بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانیان دەست بە دەست بڵاودەکردەوە. لە ژێر لەوای لە دایک بوونی منداڵەکانیان ڕۆژە مێژوویەکانی وەکوو ڕۆژی جیهانی ژن، یەکی ئایار، ڕۆژی کۆمەڵە و هەر وەها کۆبوونەوەی جۆراوجۆریان بەڕێوە دەبرد. ئەو چالاکیانە کاتێک ئەنجام دەدران کە هەر جۆرە کۆبوونەوەیەک قەدەغە بوو. لە شارو گوندەکانەوە ژنان بە ریزی پێشمەرگەوە پەیوەست دەبوون. ئەوانە تەنها چەند گۆشەیەکی بچوک لە چالاکیەکانی ئەو دەورەیەی ژنان بوون. هەر لێرەدا دەبێ سوپاس و پێزانین ئاراستەی تەواوی ژنانی دێهاتەکانی کوردستان بکرێت بە بۆنەی کۆمەک و پشتیوانی بێدرخیان لە پێشمەرگە. ئەو دلێرانە کە بە جەربەزەوە دەتوانرێ بوترێ یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی لە سەر پێ مانەوەی بزوتنەوەی حەقخوازانەی گەلی کورد بوون کە بە تەواوی تواناوە لە هەوڵی ئەودا بوون یارمەتی پێشمەرگە بکەن. سفرەی هەژارانەیان هەمیشە بۆ پێشمەرگە ئاواڵە بوو. لە هەوڵدا بوون ئاسایشی ئەوان دابین بکەن. بریندارەکان لە ماڵی خۆیاندا حەشار بدەن. گروپەکانی عەمەلیاتیان لە ناوچە ئەمنەکاندا دەشاردەوە. یارمەتی دایکانیان دەکرد و ئەوانیان دەگایاندە لای پێشمەرگەکان و ڕۆڵەکانیان. و دەیان و سەدان فیداکاری تریان ئەنجامداوە. کە بە ڕاستی جێگای پێزانینە.


هاوڕێی گوڵڕۆخ قوبادی

**هەر لێرەدا دەبێ سوپاس و پێزانین ئاراستەی تەواوی ژنانی دێهاتەکانی کوردستان بکرێت بە بۆنەی کۆمەك و پشتیوانی بێدرخیان لە پێشمەرگە. ئەو دلێرانە کە بە جەربەزەوە دەتوانرێ بوترێ یەكێك لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی لە سەر پێ مانەوەی بزوتنەوەی حەقخوازانەی گەلی کورد بوون کە بە تەواوی تواناوە لە هەوڵی ئەودا بوون یارمەتی پێشمەرگە بکەن.**

### هەلومەرجی خەبات لە شارەکاندا

دەوڵەت لە دەیەی ٦٠دا ژنانێکی زۆر بەتایبەت بە هۆی خزمایەتی و نزیکایەتیان لەگەڵ پێشمەرگەکان (هاوسەر، خوشک، دایک) و پێشینەی سیاسیان، لە سەر کار دەرکرد. زۆرێک لەوان بە کارگەلێکی تری وەک و فەرش چنین و خەیاتی و ... هتد ژیانی هەژارانەی خۆیان و منداڵەکانیان بەسەر دەبرد و هەروا خۆڕاگر و بوێرانە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا درێژەیان بە خەبات و خۆڕاگری خۆیان دەدا. دەوڵەت بەوەش وازی نەهێنا دەیان بنەماڵە و سەدان کەسیان لە ماڵ و حاڵی خۆیان بۆ شارە دوورەدەستەکانی ئێران دوورخستەوە. بەڵام ئەو ژنانە لەوێیش ئارامیان نەگرتوو بە لەقاودانی سیاسەتەکانی ئەوان سەرەنجی دانیشتوانی ناوچەکەیان ڕادەکێشا.

شەڕی ئێران و عێراق جگە لە کاریگەریە ماڵوێرانکەرەکانی لە سەر گیان و ماڵی خەڵک دارمانی ئابوری و بێکاری لێکەوتەوە. فشاری ئابوری لەسەر خەڵک، و رووکردنی ژنان لە کار و پیشە بەهۆی فشار و هەژاری ماڵیەوە خۆی بوو بە هۆکارێک بۆ ئەوەی بە کردەوە کۆماری ئیسلامی ناچار بە پاشەکشە لە کۆسپە پیشەیەکانی ئەواندا بکات.

رووتێکردنی کچان و ژنان لە خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامە و پسپۆڕی جۆراوجۆری زانستی و کۆمەڵایەتی . بەکردەوە وەلامێکی توند بوو بە کۆسپ و لەمپەرەکانی دەوڵەت بۆ قەدەغەکردنی ١٢٤ بەشی زانکۆ لە ژنان و بێکار کردن و دەرکردنی ئەوان لە پیشە جۆراوجۆرەکان و هەوڵدان بۆ خانەنشین کردنی ئەوان بوو. خوێندنی ژنان و رووتێکردنیان لە کارکردن و پێویستیە کۆمەڵایەتیەکان بووە هۆی هێنانە ئارای داخوازیەکانی ئەوان. نکۆڵی کردنی داخوازیەکانی ژنان لە لایەن دەوڵەتەوە و پێکهێنانی کۆسپەکان و دارشتنی یاسای دژە ژن هەموویان هۆکارێک بوون بۆ خەباتی ژنان لە پێناو بەدەستهێنانی مافە رەواکانی خۆیان کە بە نارەزایی دەربرین لە ڕێگای چاپەمەنیەکان، کتێبەکان و سایتە فیمینیستیەکانەوە دەستی پێکرد. بەمجۆرە یاسای دژە ژنی کۆماری ئیسلامی خرایە ژێر پرسیارەوە. کۆبوونەوە و خۆپیشاندانە جۆراوجۆرەکانی وەکوو مەراسیمەکانی هەشتی مارس و نووسینی بڕیارنامەگەلێک لەو پیوەندەدا و دیاریکردنی داخوازیەکانی ژنان ڕێکخرابوو.

خەبات لە دژی کوشتنی ژنان و قەتڵە ناموسیەکان و داب و نەریتی دواکەوتووانە و بیرۆکەی خێڵەکی و پیاوسالارانە لە کوردستان دەستی پێکرد. لە کۆتاییدا پێکهاتە و رێکخراوە دیموکراتیک و ئاشکراکان بە مەبەستی خەبات بۆ دەستەبەر کردنی خواستەکانی ژنان بەرپا بوو. هەمووی ئەمانە و دەیان حاڵەتی تر نمونەی زیندوویی و دەرەوشاوەیی بزوتنەوەی ژنانە.

کە چالاکان و پێشڕەوانی خۆی پوختە و کارا کردوە.

ئەو بزوتنەوەیە وەکوو بەشێک لە خەباتی سەراسەری ئێران،و بەشێک لە بزوتنەوەی ژنانی ئێران و هاوڕێ لەگەڵ ئەوان بۆ لەناوبردنی ستەمی جنسی و یاسای هەڵاواردنی دەوڵەتی لە نێوان ژنان و پیاوان و دەیان یاسای نابەرابەری تر خەبات دەکەن. و هەروەها وەکو ژنانی کوردستان بۆ لەناوبردنی ستەمی نەتەوەیی و رەگەزیش لە خەباتدایە. و لە لایەکی ترەوە لەگەڵ خەباتی ژنانی پارچەکانی تری کوردستان هاوچارەنووس بووە وئەزمونی بەدەست هێناوە و کاریگەری لەسەریان هەبووە لەو ڕێگایەدا تێدەکۆشێت.

دواکوتوویی کۆمەڵگەی کوردستان کە بە هۆی نەبوونی ناوەندی پیشەسازی لە کوردستان و کەمی کار و پیشە بۆ ژنان چینە هەژارەکانی کۆمەڵ و نەبوونی سەربەخۆیی ئابوری ژنان لە ئاستی بەربلاودا و ناوشیاری ژنان لە سەر مافە رەواکانی خۆیان، خەبات لە دژی بیرۆکەی پیاوسالاری و خێڵەکی، فرە ژنی، هاوسەرگیری لە تەمەنی منالیدا، ژن بەژنە و، خەتەنە کردن،

...بۆ ل٥

خۆسوتاندن ، کوشتنی ناموسی و دەیان داب و نەریتی دواکەوتوانە لەو گیروگرفتانەن کە ژنانی کوردستان لەگەڵیدا دەستەویەخەن.

. لەم ساڵانەی دواییدا ژنانی خەباتکار و وشیار بە شێوازی جۆراوجۆر لە بەرامبەریدا راوەستاون.

ئەگەر چاوێک بە بوارەکانی تری وەکوو شێعر و ئەدەبیات، مۆسیقا و فیلمی ژنانەدا بخشێنین، لە کولتوری کوردیدا جێگایەکی نیە. لە بواری شێعر و مۆسیقادا ئەگەرچی چەند هەنگاوێک هەڵگیراوە بەڵام هێشتا لە سەرەتای کاردایە. لێرەدا دەبێ سوپاسی لەمپەر شکێنانی ئەو رێگایە بکرێت. چونکە ئەوان نەک هەر داهێنەرانی ئەو رێگایەن بەڵکوو خۆڕاگرانی سەرسەختی خەبات لە دژی بیرۆکەی دواکەوتوانەی ئایینیشن.

**ئەزمونەکانی ئەو خەباتانە**

پێداچوونەوەیەکی کورت بە سەر ئەو خەباتەدا دەریدەخات کە سەرباری فیداکاریەکانی خەباتکارانی ئەو رێگایە و هەڵبژاردنی ئایدۆلیژیای مارکسیستی و یەکسانی خوازانە و ئازادی خوازانە دیسان داخوازیەکانی ژنان بە درێژایی ساڵانێکی دور و درێژ لە ژێر کێوێک لە داخوازیەکانی تردا ونبوون. ئەو رێکخراوانە سەرباری بیرو باوەڕ و هەوڵی دروستیان بۆ لەناوبردنی ستەمی جنسی و دەیان نابەرابەری تر، دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنانیان بۆ دوای هەڵوەشاندنەوەی خاوەنداریەتی تایبەتبەت و دامەزراندنی کۆمەڵگەی سۆسیالیستی دەهێشتەوە. بەرامبەر بە خەباتی دیموکراتی ژنان و بەرجەستە کردنی داواکاریەکانیان، پێکهێنانی رێکخراوی سەربەخۆ لەو پێناوەدا خەمسارد بوون. ئەگەرچی هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی خۆی لە خۆیدا بۆ رزگاری مرۆڤایەتی دروست و حاشا هەڵنەگرە. بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کە بۆ گەیشتن بەو کۆمەڵگایە رێگایەکی دوور و درێژ لە بەردەمدایە و لەو رێگایانە بە دروستی کەڵک وەرنەگیراوە. ئەو پرسە و فشار و خەفەقانەکانی کۆماری ئیسلامی بوەتە هۆی ئەوەی کە سەرباری هەوڵی بێدرێخی ژنان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان هێشتا لە سەرەتای رێگادان و لە هەر ئاڵوگۆڕێکدا داخوازیەکانی ئەوان کەوتۆتە پەراوێزەوە و هێڵراوەتەوە بۆ دواتر. جگە لەمە لە کوردستان بە هۆی بوونی ستەمی نەتەوایەتیەوە، گرنگی بە ستەمی جنسی نەدراوە وەکوو ستەمی دووبەرابەر بە رەسمی نەناسراوە. ژنانی کوردیش وەکوو توێژەکانی تری کۆمەڵگەی کوردستان کەوتونەتە ژێر زوڵم و ستەمی دووبەرابەرەوە. نەبوونی پێناسەیەکی دروست لە کۆمەڵگەی کوردستان بووەتە هۆی ئەوەی کە نەتوانرێت تایبەتمەندیەکان و رێگەچارە خەباتکارانەکانی بزوتنەوەی ژنان بە دروستی دەرک بکرێت. لێرەدا دەمەوێت سەرنجی ئەو کەسانە راکێشم کە ئیدعای ئەوە دەکەن بەرجەستەکردنی ئەو تایبەتمەندیانە (جیاوازی و تایبەتمەندیەکانی بزوتنەوەی ژنان لە کوردستان) دەبێتە هۆی نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی لە نێوان ژنانی خەباتکاری کوردستان لەگەڵ خەباتکارانی ئێران و جیهاندا. بە بۆچوونی من بەرجەستەکردنی تایبەتمەندیەکانی خەبات لە ناوچە و کۆمەڵگە جیاوازەکاندا نەک هەر نابێتە هۆی نانەوەی دووبەرکەی و ئاژاوە بەڵکوو دەبێتە هۆی گەیشتن بە لێکدانەوەی دروست و دۆزینەوەی رێگەچارەی روون و ئاشکرا بۆ بردنە پێشەوەی خەباتێکی یەکگرتوانەتر.

لەم ساڵانەی دواییدا و بە گەشەی خەباتی ژنان و وشیار بوونەوەیان لە مافەکانی خۆیان دامەزراوە دیموکراتیەکانیش بە داخوازیەکانی ژنانەوە پێکهاتن. ئەگەرچی ئەو داخوازیانە هێشتا سەرەتایین و لە ئاستی گۆڕینی هەندێک یاسای دەوڵەتیدا بوون و نەگەیشتونەتە خواستە بنەڕەتیەکان، بەڵام تا ئێرەش هەندێک لە هەوڵ و تێکۆشانی چالاکانی ئەو رێگایە دەردەخات کە بە نرخی دەستگیری و، ئەشکەنجە،و بەخشینی سەروماڵیان بووە. راستی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە کە نە ئەم داخوازیانە و نە هیچ داخوازیەکی دیموکراتیکی تر بە بوونی کۆماری ئیبسلامی بە ئەنجام ناگات. بەڵام هەمووی ئەو هەوڵ وتێکۆشانە لە وشیارکردنەوەی جەماوەر و لەقاودانی کۆماری ئیسلامیدا کاریگەریەکی بەنرخی هەبووە و دەیبێتیش.

لێرەدا نابێت رۆڵی بەرجەستەی پیاوان و بەتایبەت پیاوانی وشیار و شۆڕشگێڕ لە بەرەنگاربوونەوەی بیرۆکەی دواکەوتوانە وپیاوسالارانەدا لەبەرچاو نەگرین کە تا ئێستا و لە قۆناغە جیاجیاکانی ئەو خەوباتەدا رۆڵێکی کاریگەر و بە نرخیان هەبووە، چونکە بە بێ هاوکاری و یارمەتی ئەوان و بە نەبوونی رێکخرا و دامەزراوەکانی تری خەباتکاری، خەباتی ژنان بە ئەنجام ناگات.

دابڕان و جیابوونەوە لە نێوان رێکخراوە چەپەکاندا لە کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا، ئەگەرچی لە خۆیدا نیشانەی گەشەی بیر و باوەڕ و بۆچوونی جۆراوجۆر و گەشەی کۆمەڵگەیە، و دەیتوانی ببێتە هۆی گەشەی بیری نوێ و دۆزینەوەی رێکاری نوێی خەبات، بەڵام بەداخەوە بوو بە هۆی پەرتەوازەبوون و دابڕان و پشێوی لە خەباتی حیزبەکان و جەماوەری خەڵک و هەروەها رێکخراوەکانی ژناندا و لە نیهایەتدا لە پرش و بڵاوبوونی خەباتی ژناندا بێ کاریگەر نەبووە.

ئێستا ژنان زیاتر لە هەر کاتێکی تر پێویستیان بە رێکخرابوون بە داخوازی دیار و ئاشکرا هەیە. ئەو داخوازیانە دەبێ بە گوێرەی پێویستیەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگە گەڵاڵە بکرێت. لە شۆڕشێکی تر و دەسەڵاتێکی تردا ئێمە ژنان دەبێ خاوەنی پرۆگرام و داواکاری روون و دیاری خۆمان بین. و هەر لە ئێستاوە بانگەشەیان بۆ بکەین و بیکەین بە وشیاری گشتی خەڵک بە تایبەت ژنان. چونکە وشیاری فیمینیستی و گەشەی خەباتی ژنان گەیشتۆتە قۆناغێک کە دەکرێت ئەو چاوەڕوانەیمان لە چالاکانی بزوتنەوەکە لە کوردستان هەبێت و چاوەڕوانی بەرنامە و پلاتفۆرمی ئەوان بین.

وەکوو دوایین قسە، ژنانی کوردستان خاوەنی ئەزمون و مێژووی خەباتی خۆیانن. لەم رێگایەدا هەڵسوڕاوان و رێبەرانێکی زۆر پەروەردە بوون. کوردستان بە هۆی هەبوونی مەسەلەی نەتەوەی و جنسی و داوکەوتوویی ئابوری، کۆمەڵایەتی و کولتوری، خاوەنی تایبەتمەندی خەباتکارانەیی خۆی بووە و هەوڵی هەڵسوڕاوانی ئەو رێگایەی دەوێت بە رونکردنەوەی داخوازیەکانی خۆیەوە. ئەو بزوتنەوەیە وەکوو بەشێک لە خەباتی ژنان لەگەڵ چین و توێژەکانی تر لە ئێراندا هاوچارەنووس و بەشی جیایی هەڵنەگری ئەم خەباتە بە ئەژمار دێت و تا روخاندنی رێژیمی کۆماری ئیسلامی و گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیموکراتیک لە تێکۆشاندا دەبێت. لە لایەکی دیکەوە بە هۆی هاوچارەنووسی خەباتکارانەوە، ژنان لەگەڵ ، دەستی لەناو دەستی خەباتی پارچەکانی تری کوردستاندا هەڵپێکراوە.



**ژنانی کوردستان خاوەنی ئەزمون و مێژووی خەباتی خۆیانن. لەم رێگایەدا هەڵسوڕاوان و رێبەرانێکی زۆر پەروەردە بوون. کوردستان بە هۆی هەبوونی مەسەلەی نەتەوەی و جنسی و داوکەوتوویی ئابوری، کۆمەڵایەتی و کولتوری، خاوەنی تایبەتمەندی خەباتکارانەیی خۆی بووەو هەوڵی هەڵسوڕاوانی ئەو رێگایەی دەوێت بە رونکردنەوەی داخوازیەکانی خۆیەوە. ئەو بزوتنەوەیە وەکوو بەشێك لە خەباتی ژنان لەگەڵ چین و توێژەکانی تر لە ئێراندا هاوچارەنووس و بەشی جیایی هەڵنەگری ئەم خەباتە بە ئەژمار دێت و تا روخاندنی رێژیمی کۆماری ئیسلامی و گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیموکراتیك لە تێکۆشاندا دەبێت. لە لایەکی دیکەوە بە هۆی هاوچارەنووسی خەباتکارانەوە، ژنان لەگەڵ ، دەستی لەناو دەستی خەباتی پارچەکانی تری کوردستاندا هەڵپێکراوە.**

# ڕۆڵی ژنانی کۆمەڵە لە بزووتنەوەکانی کوردستاندا: شیکارییەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی





**چیمەن** جوانرودی

## پوختە

بوونی ژنان لە (کۆمەڵە)، یەکێکە لە دیاردە دیارەکانی مێژووی سیاسی هاوچەرخی ناوچەکە. ئەم نووسینە بە ڕوانگەیەکی سیاسی، مێژوویی و کۆمەڵناسی، ڕۆڵی ژنانی کۆمەڵە لە پێنج قۆناغی دیاریکراودا دەکۆڵێتەوە: پێکهاتنی ژێرزەمینی (١٣٥٠)، ساڵانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧، قۆناغی شەڕ و خەباتی چەکداری، قۆناغی دەربەدەری و بنیاتنانەوەی، ڕێکخراوەیی و قۆناغی هاوچەرخ.

دەرەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە ژنانی کۆمەڵە نەک هەر ڕۆڵیان لە ڕووخانی پێکهاتە پیاوسالارییە تەقلیدییەکانی کوردستاندا هەبووە، بەڵکو مۆدێلێکی نوێی ژنانی سیاسی و چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشیان خستۆتە ڕوو. کە چۆن تێکەڵبوونی ئایدۆلۆژیای چەپ و بارودۆخی کۆمەڵایەتی کوردستان و ئەزموونی چەوساندنەوەی، ڕەگەزی و چینایەتی سەکۆیەکی بێ وێنەی بۆ دەرکەوتنی ژنان وەک ئەکتەرێکی سیاسی سەربەخۆ ڕەخساندووە.

١. پێشەکی

لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی ژنان لە بزووتنەوە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دوو بایەخی هەیە:

١) لە ڕووی مێژووییەوە بوونی ژنان لە سیاسەت و خەباتی چەکداریدا دیاردەیەکی نائاسایی بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؛

٢) لە ڕووی تیۆرییەوە بەشداری ژنان لە بزووتنەوە چەپەکاندا ڕەنگدانەوەی پەیوەندییەکی پێکهاتەیی نێوان خەباتی چینایەتی، خەباتی نەتەوەیی و خەباتی جێندەرییە.

کۆمەڵە لە حەفتاکانی (میلادی) سەدەی ڕابردووەوە وەک ڕێکخراوێکی چەپی کوردی، زەمینەیەکی تایبەتی بۆ ئامادەبوونی ژنان دروست کردووە. ئەم بەستێنە تەنیا دەرئەنجامی داڕشتنی سیاسەتی ئایدیۆلۆژی نەبوو، بەڵکو بەرهەمی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی کوردستان و دژایەتیی پێکهاتەیی لە کۆمەڵگەی نەریتیدا و ئەزموونی چەوساندنەوەی جێندەریش بوو.

ئامانجی ئەم نووسینە لێکۆڵینەوەی مێژوویی و شیکارییە لەو پرۆسەیەی کە ژنانی کۆمەڵە لە ڕێگەیەوە توانیان لە پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتییەوە پێگەیەکی بەر چاو لە خەبات و تیۆریزە، بەدەست بهێنن.

٢. چوارچێوەی تیۆری

بۆ شیکردنەوەی ڕۆڵی ژنانی کۆمەڵە، سێ ڕێبازی تیۆری کەڵک وەردەگرێت:

٢.١. فێمینیزم_سۆسیالیزم

ئەم ڕێبازە ستەمی جێندەری بە پێکهاتە چینایەتییە ئابوورییەکانەوە دەبەستێتەوە و ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن بزووتنەوە چەپەکان دەرفەت بۆ ڕزگاری ژنان دەڕەخسێنن.

٢.٢. تیۆری ئەکتەری بەکۆمەڵ

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کاتێک گەشە دەکەن کە گروپە پەراوێزخراوەکان ببنە ئەکتەری سەربەخۆ. ژنانی کۆمەڵە نموونەیەکی سەرەکی ئەم پرۆسەیەن.

کۆمەڵە نموونەیەکی سەرەکی سەرهەڵدانی لەناکاوی بزووتنەوەیەکی گەنج بەڵام کاریگەرە لە هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەدا. هەرچەندە تووشی لاوازی پێکهاتەیی و کەمی ئەزموون و ناپێگەیشتنی تیۆری بوو، بەڵام ئەم ڕێکخراوە لە ماوەیەکی کورتدا توانی:

جەماوەرێکی فراوانی خەڵک ڕابکێشن؛ هاندانی ژنان و کرێکاران و ڕۆشنبیران بۆ بەشداری چالاکانە لە سیاسەتدا؛ دەوڵەمەندکردن و مرۆڤایەتیکردنی ناوەڕۆکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد؛ و دواجاریش دەبێتە یەکێک لە هێزە سەرەکییەکانی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی هەرێم.

شیکردنەوەی ئەزموونی کۆمەڵە لە ڕوانگەی لێکۆڵینەوەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە کاتە مێژووییەکاندا توانای کۆکردنەوەی جەماوەری دەتوانێت بەسەر لاوازییە تەشکیلاتیەکاندا زاڵ بێت و ڕێڕەوی نوێ لە پرۆسە سیاسییەکاندا بکاتەوە.

٢.٣. شیکاری مێژوویی–کۆنتێکست

ڕۆڵی ژنانی کورد بەبێ تێگەیشتن لە پێکهاتە کولتوورییەکان، پیاوسالاری، شەڕ، سەرکوتی دەوڵەت، شیکاری ناکرێ. ئەم بابەتە جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان ئەم توخمانە دەکاتەوە.

٣~. پاشخانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی

تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم کۆمەڵگای کوردی زۆر پیاوسالاری بوو. ژنان تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕۆڵی ناوماڵ و کشتوکاڵی و خێزانیدا پێناسە دەکران. دەستڕاگەیشتن بە خوێندن بۆ زۆرێک لە ژنان سنووردار بوو و بەشداری سیاسیش نزیک بوو لە نەبوون. ئەگەر چی، مافی دەنگدانی ژنان لە دوای شۆڕشی سپی بە فەرمی بۆ ژنانی کورد درێژ بووەوە، بەڵام بەشداری سیاسی ژنان لە کوردستان سنووردار مایەوە. بە هۆی گەشەنەکردنی کوردستان و سنووردارکردنی کولتووری و پێکهاتە نەریتییەکان و کۆنترۆڵی توندی ئەمنیی حکومەتی پەهلەوی بەسەر ناوچەکەدا، چاکسازییەکان کاریگەرییەکی زۆر بچووکتریان لەسەر ژنانی کورد هەبووە لە چاو ناوەندی ئێران. لە لێواری شۆڕش وپێش شۆڕش١٣٥٧ ژنان لە زۆر شوێنی کوردستان بە تایبەت لە گوندەکاندا ڕ ووبەڕووی کۆت و بەند و بەربەستی پێکهاتەیی بەرفراوان بوونەتەوە:

بەشداریکردنی سنووردار لە کایەی گشتیدا؛

نەبوونی کەناڵی ڕێکخراو بۆ دەربڕینی داواکارییەکان؛

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی باوکسالاری و بنەمادار بە نەریت؛ وە نەبوونی دەرفەتی پەروەردەیی و ئابووری یەکسان؛ لە چوارچێوەیەکی وادا؛ کۆکردنەوەی ژنان لەلایەن کۆمەڵەوە بەرهەمی پلانێکی پێشوەختە نەبوو، بەڵکو دەرئەنجامی تێکەڵەیەک لە هەلومەرجی مێژوویی، گوتاری ڕزگاریخوازی، بوونی مەیدانی تێکۆشەران و تینوێتی ژن بۆ ڕزگاری بوو. چاکسازییەکان. زەمینەیان بۆ سەرهەڵدانی نەوەیەکی نوێی ژنانی کورد خۆش کرد کە لە گۆڕەپانی فەرهەنگی و سیاسیدا هۆشیار و خوێندەوار و چالاک بوون. لەگەڵ گەشەسەندنی زانکۆ و فەزای سیاسی ژنانی کورد لە بزووتنەوەی خوێندکاری و چالاکییە کولتووری و ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکتر بوون.

سەرهەڵدانی بزووتنەوە خوێندکارییەکان، ڕادیکاڵبوونی کەشوهەوای سیاسی ئێران لە حەفتاکانی (زایینی) سەدەی ڕابردوو و بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی چەپگەرایی لە نێو لاوانی کوردستاندا، ڕێگەی خۆشکرد

**پێکهاتەی کۆمەڵایەتی باوکسالاری و بنەمادار بە نەریت؛ وە نەبوونی دەرفەتی پەروەردەیی و ئابووری یەکسان؛ لە چوارچێوەیەکی وادا؛ کۆکردنەوەی ژنان لەلایەن کۆمەڵەوە بەرهەمی پلانێکی پێشوەختە نەبوو، بەڵکو دەرئەنجامی تێکەڵەیەك لە هەلومەرجی مێژوویی، گوتاری ڕزگاریخوازی، بوونی مەیدانی تێکۆشەران و تینوێتی ژن بۆ ڕزگاری بوو. چاکسازییەکان. زەمینەیان بۆ سەرهەڵدانی نەوەیەکی نوێی ژنانی کورد خۆش کرد کە لە گۆڕەپانی فەرهەنگی و سیاسیدا هۆشیار و خوێندەوار و چالاك بوون. لەگەڵ گەشەسەندنی زانکۆ و فەزای سیاسی ژنانی کورد لە بزووتنەوەی خوێندکاری و چالاکییە کولتووری و ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکتر بوون.**

...بۆ ل٧

## درێژەی لاپەڕی ٧

بۆ یەکەم ئامادەبوونی ژنان لە کومەلە. لەم هەلومەرجەدا زوڵمی دووانەی ژنان — چ وەک کورد و چ وەک ژن — وای لێکرد کە بەشداری بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان بکەن.

٤. شیکاری مێژوویی بۆ ڕۆڵی ژنانی کۆمەڵە.

٤.١. قۆناغی یەکەم: چالاکیی ژێرزەمینیی (١٣٤٧___١٣٥٧)

لەم قۆناغەدا کۆمەڵە وەک بزووتنەوەیەکی نهێنی مارکسیستی دروست بوو. ژنان لە ئاستێکی سنوورداردا چوونە ناو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە، بەڵام ئەم بەشدارییە سنووردارە گرنگییەکی مێژوویی گەورەی هەبوو: شکاندنی تابۆی بەشداری سیاسی ژنان. دروستکردنی ناوکی سەرەتایی پەروەردەی سیاسی بۆ ژنان. پێکهێنانی یەکەمین گێڕانەوەی «ژن وەک بابەتی سیاسی» لە کوردستاندا. ئەم قۆناغە لە ڕووی مێژووییەوە ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە، چونکە بنەما تیۆری و ڕێکخراوەیی بوونی ژنانی لە قاڵب داوە.

٤.٢. قۆناغی دووەم: شۆڕشی ١٣٥٧و فراوانبوونی چالاکیی گشتی (١٣٥٧_١٣٦٢)

دوای ڕووخانی ڕژێمی پەهلەوی، فەزای سیاسی کرایەوە و ژنانی کۆمەڵە چوونە ناو گۆڕەپانی گشتی: خەباتکاران و بانگخوازانی کۆمەڵە لە ساڵانی ١٣٥٧ تا ١٣٦٢. لە شار و گوند و قوتابخانە و تەنانەت دوورترین ناوچەکانی کوردستان چالاک بوون. ئەم «ئامادەبوونی جەستەیی و ڕاستەوخۆ» پەیامی ڕوونی بە ژنان دەگەیاند: شایانی بەشداری سیاسین؛ دەتوانن سنووری ماڵ و نەریتە سنوورداره‌کان تێپەڕێنن؛ مافی خۆیانە دەربارەی چارەنووسی خۆیان و کۆمەڵگا دەرببڕن و بڕیار بدەن؛ وە بوونی ئەوانیش بەدەر نییە، بەڵکو بەشێکە لە پرۆسەی خەبات.

ئەم پەیامانە، لە دۆخێکدا کە زۆرێک لە ژنان تەنانەت دەرفەتی دەربڕینی کێشەکانیان نەبوو، جۆرێک لە متمانە بەخۆبوون و دەزگای کۆمەڵایەتییان تێدا دروستکرد.

پێکهێنانی یەکیەتی ژنان لە شار و گوندەکانی کوردستان

پەروەردەی خوێندەواری سیاسی و یاسایی و تەندروستی

ڕۆڵگێڕان لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و بەرخۆدانی شارەکاندا

پرسی ژنان بوو بە بەشێکی دانەبڕاو لە گوتاری کومەڵە

ئەم قۆناغە یەکەمین «دەرکەوتنی گشتی و فەرمی» ژنانی سیاسی کورد بوو.

٤.٣. قۆناغی سێیەم: شەڕ و پێکهێنانی پێشمەرگەی ژنان (١٣٦٢_تا حەفتاکان)

ئەم قۆناغە وەرچەرخانێکی مێژووییە بۆ بوونی ژنان. لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی بەرفراوانی حکومەت لە دژی کوردستان، ژمارەیەکی زۆر لە ژنان پەیوەندییان بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە کرد. دەستکەوتەکانی ئەم قۆناغە:

دروستکردنی یەکەی سەربازی و فریاگوزاری و پەروەردەیی بۆ ژنان؛ بەشداریکردن لە شەڕە چەکدارییەکان؛ بوونی ژنان لە ڕیزەکانی فەرماندەییدا؛ شەرعیەتی ژن وەک تێکۆشەری ڕاستەقینە لە کۆمەڵگای کوردیدا.

ئەم قۆناغە زیاتر لە هەر قۆناغێکی تر پێکهاتە پیاوسالارییەکانی شکاند، چونکە ژنان بۆ یەکەمجار ”دەسەڵاتی جەستەیی و سیاسی“ خۆیان لە شوێنێکی گشتیدا بەکارهێنا.

٤.٤. قۆناغی چوارەم: سەردەمی دەربەدەری و ڕێکخستنەوە و کاری تیۆری (١٣٥٩-١٣٧٠)

لەگەڵ کۆچی زۆرەملێی کومەڵە بۆ کوردستانی عێراق، چالاکییەکانی ژنان فۆرمێکی جیاوازی وەرگرت: پێکهێنانی دامەزراوە تایبەتەکانی ژنان لە حیزبدا. کۆکردنەوەی بەرنامە و بەڵگەنامەی تیۆری لەسەر ڕزگاری ژنان. بەشداریکردنی فراوانتری ژنان لە بزووتنەوە سیاسییەکانی کوردستاندا. ڕاهێنانی نەوەی نوێی کادیری ژن ئەم قۆناغە “گۆڕانکاری لە خەباتی چەکدارییەوە بۆ خەباتی کولتووری-سیاسی” بوو.

٤.٥. قۆناغی پێنجەم: قۆناغی هاوچەرخ (٢٠١١ میلادی تا ئێستا)

لە دوو دەیەی ڕابردوودا ژنانی کۆمەڵە ئامادەبییەکی فراوانتر و فرەڕەهەندتریان بەدەستهێناوە:

ئامادەبوون لە سەرکردایەتی حزب و میدیای فەرمی؛ بەشداریکردن لە بزووتنەوە مەدەنییەکان، هەڵمەتەکانی مافی ژنان و چالاکییە جیهانییەکان؛ ڕۆڵگێڕان لە ڕەوەندی کوردیدا؛ فراوانکردنی خوێندنی سیاسی و میدیایی و یاسایی بۆ ژنانی گەنج. ئەمڕۆ ژنانی کۆمەڵە وەک بەشێکی سروشتی و دامەزراو لە پێکهاتەی سیاسی کوردستان دەناسرێن.

٥. شیکاری دەستکەوتەکان:

٥.١. گۆڕانکاری لە پێگەی کۆمەڵایەتی ژنانی کورد.

بوونی ژنانی کۆمەڵە مۆدێلێکی نوێی «ژنێکی هۆشیار و سەربەخۆ و سیاسی»ی دروستکرد.

٥.٢. گۆڕان لە گوتاری سیاسی کوردستان.

پرسی ژنان لە پەراوێزەوە بۆ ناوەندی گوتاری سیاسی گواسترایەوە.



٥.٣. پێکهێنانی سەرمایەی ڕەمزی و کولتووری. ژنی تێکۆشەر و مامۆستا و فەرماندە و ڕۆشنبیر بوون بە ڕەمز بۆ نەوە نوێیەکان.

ئەگەرچی لەم خەباتەدا ژنانێکی زۆر بوونەتە قوربانی، گیانیان بەخت کردووە یا تووشی سەرکوت و ئیعدام، زیندانیکردن، و هەڕەشەی حکومەت (تەنانەت لە بنەماڵەی خۆیانەوە) بوونەتەوە، و لە شەڕێکی نایەکساندا شانبەشانی هاوڕێیانی پێشمەرگە (ژن و پیاو) لە سەنگەرەکانی کۆمەڵە خەباتیان کردووە و ئەوەش، خوێندنی ژنان زانستێکی تازە سەرهەڵداو و هاوچەرخە. ناوەڕۆکەکەی لە پەروەردەی گشتیدا باو نییە. لە ئەنجامدا یەکێکە لە بەربەستەکانی گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاربوون لە چەوساندنەوەی پیاوسالاری. ئەم تەحەددایانە ئەوە دەردەخەن کە خەبات بۆ ڕزگاری ژنان بەردەوامە، ژنان لە زۆربەی حزبە کوردستانییەکان حوزووری بەرچاویان هەیە و هەر وەک دیارە دەسپێکی شۆڕشی ژینا بە دروشمی «ژن. ژیان. ئازادی » کە بە مەرگی ژینا ئەمینی (بە دەستی جەلادانی ج .ا. ) کچێکی کورد لە شاری سەقزەوە سەری هەڵدا نموونەیەکی ڕوونی ئەم خەباتەیە کە لە کوردستانەوە دەستی پێکرد و گەیشتە زۆربەی شارەکانی ئێران تەنانەت لە زۆربەی وڵاتانی جیهانیش دروشمی «ژن ژیان ئازادی » بڵاو بوویەوە و پشتیوانی لەم ڕاپەڕینە ئەنجامدرا.

٥.٤. پەرەسەندنی تیۆری و ئایدیۆلۆژی:

کۆمەڵە یەکێک بوو لە یەکەمین حیزبەکانی کوردستان کە چەوساندنەوەی جێندەری بە بەشێک لە شیکردنەوەی چینایەتی و سیاسی زانی.

٦. تەحەددا و سنووردارکردنەکان

هاوکات لەگەڵ دەستکەوتەکان، سنووردارکردنیش هەبووە:

درێژەپێدانی هەندێک پێکهاتەی پیاوسالاری لە کۆمەڵگا و تەنانەت لە ڕێکخراوەکانیشدا، (هێشتا بیرۆکەی پیاوسالاری لەناو حزبەکاندا هەیە).

ئەمەش ناتوانێت لە ناو کۆمەڵە نە بووبێت. فشارە ئەمنی و سیاسییەکان لەسەر ژنانی چالاک. سەختییەکانی ژیان لە شار وشاخ یان دەربەدەری. کەلێنی نێوان ئایدۆلۆژیا و ئەگەرە پراکتیکییەکانی یەکسانی.

ئەگەرچی، لەم خەباتەدا ژنانێکی زۆر بوونەتە قوربانی، گیانیان بەخت کردووە یا تووشی سەرکوت و ئیعدام، زیندانیکردن، و هەڕەشەی حکومەت (تەنانەت لە بنەماڵەی خۆیانەوە) بوونەتەوە، و لە شەڕێکی نایەکساندا شانبەشانی هاوڕێیانی پێشمەرگە (ژن و پیاو) لە سەنگەرەکانی کۆمەڵە خەباتیان کردووە و ئەوەش، خوێندنی ژنان زانستێکی تازە سەرهەڵداو و هاوچەرخە. ناوەڕۆکەکەی لە پەروەردەی گشتیدا باو نییە. لە ئەنجامدا یەکێکە لە بەربەستەکانی گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاربوون لە چەوساندنەوەی پیاوسالاری. ئەم تەحەددایانە ئەوە دەردەخەن کە خەبات بۆ ڕزگاری ژنان بەردەوامە، ژنان لە زۆربەی حزبە کوردستانییەکان حوزووری بەرچاویان هەیە و هەر وەک دیارە دەسپێکی شۆڕشی ژینا بە دروشمی «ژن. ژیان. ئازادی « کە بە مەرگی ژینا ئەمینی (بە دەستی جەلادانی ج .ا. ) کچێکی کورد لە شاری سەقزەوە سەری هەڵدا نموونەیەکی ڕوونی ئەم خەباتەیە کە لە کوردستانەوە دەستی پێکرد و گەیشتە زۆربەی شارەکانی ئێران تەنانەت لە زۆربەی وڵاتانی جیهانیش دروشمی «ژن ژیان ئازادی « بڵاو بوویەوە و پشتیوانی لەم ڕاپەڕینە ئەنجامدرا.

**ئەنجام:**

ڕۆڵی ژنانی کۆمەڵە لە بزووتنەوە ئازادی خوازی کوردی ڕۆژهەڵات یەکێکە لە دیاردە گرنگەکانی مێژووی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم ڕۆڵە بەرهەمی بڕیارە تەنیا ڕێکخراوەییەکان نییە، بەڵکو دەرئەنجامی پەیوەندیی نێوان ئایدۆلۆژیای چەپگەرایی، هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، چەوساندنەوەی جێندەری و دینامیکی نێوخۆیی کۆمەڵگەی کوردییە. ژنانی کۆمەڵە بە تێکۆشان لە گۆڕەپانی تیۆری و سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتیدا توانیان وێنەی ژنی کورد لە «سوبێکتی پاسیف»ەوە بگۆڕن بۆ «ئەکتەری ئەکتیڤ». ئەم گۆڕانکارییە نەک هەر مێژووی ژنانی کوردی گۆڕی، بەڵکو کاریگەری لەسەر سووڕی گەورەتری خەباتی ڕزگاریخوازی لە ناوچەکەدا هەبوو.

# منداڵ، بەردی بناغەی کۆمەڵگە



تەلار ئیوەر



قۆناغی منداڵی لە گرنکترین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤە، ئەمە تەنها مەبەست پێی ماوەی ئامادەکردن نییە بۆ داهاتوو، بەڵکو ئەوە ژیانی ئێستایەتی کە پێیدا تێپەڕدەبێت و دەبێتە بنچینەیەک بۆ داهاتووی، چونکە پەروەردەکردنی تەمەنی پێش چونە خوێندنگە کەسایەتی و داهاتووی مرۆڤ دیاری دەکات، هەر چەندە ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەرگیز نەتوانرێت جارێکی تر لە پەروەردەی قۆناغی دواتری چاکسازی بۆ بکرێت وەک هەندێک لە زانایان بۆی دەچن، چونکە مرۆڤ بونەوەرێکە شایەنی گۆڕانە. بەڵام باشتر وایە بەهاوکاری خێزان و دەزگا پەروەدەییەکان هەر لەسەرەتاوە هەوڵ بدرێت مرۆڤێکی تەواو و دەروون دروست و سەرکەتوو لە گشت بوارەکانی ژیان بەرهەم بهێنرێت.

تیۆریە دەروونیی و پەروەردەییەکان جەخت دەکەنەوە لەسەر گرنگی شەش ساڵی سەرەتایی لە تەمەنی منداڵ و کاریگەری لەسەر کەسایەتی تاک لەماوەی ژیانیدا، ئەنجامی زیاتر لە سەد توێژینەوەی هاوچەرخ لە ولایەتە یەکگرتووەکان کراوە دەربارەی کاریگەری ئەو شارەزاییانەی کە منداڵان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و بەسەریدا گوزەر دەکات لە تەمەنی سەرەتایی ژیانیدا، توێژینەوە کە لە ڕێی ئەنجامەکانەوە جەخت دەکەنەوە لەسەر پێویستی بەرنامەیەکی نەخشە بۆ دارێژراوی پەروەردەیی سەرەتای منداڵی کە لەرێی ئەم بەرنامەیەوە زانیاری و شارەزایی وا بە منداڵ ببەخشێت کە گونجاو بێت لەگەڵ توانا و تایبەتمەندیی و پێداویستییەکانی.

مێرمنداڵی قۆناغی پەڕینەوە لە تەمەنی منداڵییەوە بۆ گەورەساڵی، دەستبەردان لە دونیای منداڵانە و چوونە ناو جیهانێکیتر کە دەبێت وەکوو کەسێکی گەورەساڵ بیر بکەنەوە و هەڵسوکەوت بکەن، ئەمە خۆی لای هەر کەسێک پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانە. کچێکی بچووک یان کوڕێکی منداڵ هەتا دوێنێ لە دونیای شیرینی منداڵیدا ژیاون، کتوپڕ خۆیان لە بەردەم کۆمەڵێک نیاز، بەرپرسیارێتی و ترس و نیگەرانی مرۆڤە گەورەکاندا دەبینن.

تەمەنی مێرمنداڵی لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، قۆناغێکی ئاڵۆزە لە نێوان منداڵی و گەورەساڵیدا تێدەپەڕێت کە بە گشتی لەنێوان تەمانی ١١ بۆ ١٢ ساڵی هەتا تەمەنی ٢٢ ساڵی بەردەوامە و لە لایەنی جەستەیی و سۆزداری و ناسینەوە گۆڕانێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت.

لەم قۆناغەدا، تاک بەدوای شوناسی تاکەکەسی و سەربەخۆییدایە، لە ژێر کاریگەری هاوتەمەنەکانی خۆیدا دەبێت. تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە پێویستی بە لێهاتوویی و توانایی دایک و باوک و کۆمەڵگا هەیە بۆ ئەوەی کەسایەتیی تاک بۆ گەورەساڵی زۆر بە باشی فۆرم بگرێت، لەبەر ئەوەی ریشەی زۆربەی گیروگرفتەکان لە قۆناغەدا خۆی حەشار داوە.

تەمەنی نێوان ٨ بۆ ١٢ ساڵی گۆڕانکاریی جەستەیی لە کوڕ و کچدا ڕوودەدات کە ئەم گۆڕانکارییانە هەستی کونجکۆڵی و دڵەڕاوکێی لەلا دروست دەکات بەتایبەت کاتێک مێرمنداڵ نازانێت دەبێت چاوەڕوانی چی بکات، بیرکردنەوەیەکی ڕەش و سپییان هەیە، شتەکان یان دروستن یا هەڵەن، باش یان خراپ، لەو نێوەدا هیچ شتێکیتر نابینن. هەروەها لەم تەمەنەدا زۆرترین پێویستییان بە پاراستنی سنووی تاکە کەسی خۆیان هەیە.

تەمەنی ١٤ بۆ ١٧ ساڵی

گۆڕانکارییە جەستەییەکان تا ناوەڕاستی تەمەنی مێرمنداڵی بەردەوامە، لە زۆربەی کوڕان لەم تەمەنەدا گۆڕانکاری خێرای گەشە و باڵغ بوونیان بەردەوامە، دەنگیان بۆڕ و گڕ دەبێت، زیپکەی گەنجی لە روخساریان دەردەکەوێت، گۆڕانکاری جەستەی زیاتر و پڕتر بووە و زۆربەی کچەکان عادەتی مانگانەیان ڕێک بۆتەوە. لەم تەمەنەدا حەزیان لە پەیوەندی سۆزداری دەبێت. زۆربەی مێرمنداڵان لەم تەمەنەدا لە کاتێکدا هەوڵ بۆ سەربەخۆیی دەدەن لەگەڵ دایک و باوکیان زۆرتر تووشی دەمەقاڵە دەبن، هەر بەم هۆکارە کەمترین کاتیان لەگەڵ خێزان و زۆرترین کاتیان لەگەڵ هاوڕێکانیان بەسەر دەبەن.

کۆتاییەکانی تەمەنی مێرمنداڵی ١٨ بۆ ٢٢ ساڵ و سەروتر

مێرمنداڵ لەم تەمەنەدا گەشەی جەستەیی پڕ بۆتەوەو بە تەمەنی باڵغ بوونی تەواو گەیشتووە، لەم تەمەنەدا باشتر دەتوانن هەڵسەنگاندن بۆ مەترسی و باشییەکان بکەن، هەست بە بەهێزتر بوونی زیاتری خۆیان دەکەن زیاتر بیر لە داهاتوو دەکەنەوە، پەیوەندی سۆزداری هاوڕێیەتییان سەقامگیرترە و ڕاوبۆچوونی خێزان واتا دایک و باوکیان بۆ گرینگە لەم تەمەنەدا.

قۆناغی منداڵی لە گرنکترین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤە. ئەمە تەنها مەبەست پێی ماوەی ئامادەکردن نییە بۆ داهاتوو. بەڵکو ئەوە ژیانی ئێستایەتی کە پێیدا تێپەردەبێت و دەبێتە بنچینەیەك بۆ داهاتووی. چونکە پەروەردەکردنی تەمەنی پێش چونە خوێندنگە کەسایەتی و داهاتووی مرۆڤ دیاری دەکات. هەر چەندە ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەرگیز نەتوانرێت جارێکی تر لە پەروەردەی قۆناغی دواتری چاکسازی بۆ بکرێت وەك هەندێك لە زانایان بۆی دەچن. چونکە مرۆڤ بونەوەرێکە شایەنی گۆڕانە. بەڵام باشتر وایە بەهاوکاری خێزان و دەزگا پەروەدەییەکان هەر لەسەرەتاوە هەوڵ بدرێت مرۆڤێکی تەواو و دەروون دروست و سەرکەتوو لە گشت بوارەکانی ژیان بەرهەم بهێنرێت.

قۆناغی مێرمنداڵی یەکێک لە هەستیارترین قۆناغەکانی ژیانی هەر تاکێکە، و ئەم قۆناغە کاریگەریی لەسەر هەموو قۆناغەکانیتری ژیانی مرۆڤ هەیە، کەواتە شێوازی هەڵسوکەوت و ڕێنمایی و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم تەمەنەدا سەرنج و وردبینییەکی زۆری دەوێت.

بەڕێز هاوناز مستەفا دەرچووی بەشی گەشتووگوزار لە زانکۆی سولێمانی و شارەزای بواری ئاسەوار و نووسەر لە بواری منداڵان لەپەیوەند لەگەڵ قۆناغی منداڵ و مێر منداڵی دەڵێ منداڵ هەر کە لە دایک دەبێ لە یەکەم ڕۆژی تەمەنییەوە گەشە کردنی دەست پێدەکات و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەستی پێ دەکرێت.

ئەم گەشە کردنە لە بوارەکانی بیۆلۆژی، بیرکردنەوە و کەسایەتی و تێگەیشتن و تەنانەت لە شێوەی هەڵسووکەوت کردن، دێتە بەرچاوو بەردەوام شتی تازە و نوێ فێر دەبێ و وردە وردە بە گوێ گرتن و بیستنی وشەکان، ڕوانین و بینی کەرەستەکانی دەوروبەری و دەست بردن بۆیان، لەگەڵ دەوروبەری خۆی ئاشنا دەبێت و تاقیکردنەوە و زانیاریی نوێ و زیاتر بەدەست دێنێ. یەکەم ساڵی گەشەکردنی منداڵ بە چەند قۆناغدا تێدەپەڕێ و گەشەکردنیشی لە هەر دوو لایەنی «جەستەیی و دەروونییەوە» دەست پێ دەکات. منداڵ بە فێر بوون و لێکدانەوەی دونیای دەوروبەری خۆی هەوڵدەدات کۆمەڵێک گۆرانکاری سەرەتایی لە قۆناغەکانی داهاتویدا پێک بێنێت. ئەم شێوە لە گۆڕانگاری و فێربونانەش لە قسەو جوڵە و کردەوەکانیدا دەبینرێت و بەرەبە بەرە هەنگاو بۆ فێر بوونی شتی زیاتر هەڵدەگرێ. ئەم سەردەمە گرنکترین قۆناغەکانی ژیانی منداڵ پێک دێنێ کە دەتوانێ ڕاستەوخۆ ببێتە بناغەیەک بۆ دەست پێکردنی ژیانی داهاتووی. لێکۆلینەوەکان دەریان خستووە کە شەش ساڵی یەکەمی ژیانی منداڵان دەتوانێ گەورەترین ڕۆڵی هەبێ لە سەر کەسایەتی منداڵ لە ماوەی ژیانیدا. شێوەی جوڵانەوەو هەڵسوکەوت کردن و بارهێنان، کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر چۆنییەتی گەشەکردن، ژیری و ڕادەی کۆمەڵایەتی و هەروەها هەڵچونەکانی منداڵان.

منداڵ هەر لە سکی دایکییەوە هەتا تەمەنی ٢ ساڵ، هەرشتێکی دەروونی بەئەرێنی و نەرێنی لە دایک ڕووبدات کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لە سەری. لە ڕووی گەشەسەندنی سایکۆلۆژی پەروەردەیی، تەمەنی منداڵ گرنگترین قۆناغەکان بریتین لە قۆناغی بنیاتنان و لاساییکردنەوە کە ئەم دەورەیە لە تەمەنی ٧ ساڵیدا زۆر بەرچاوە. قۆناغی چوونە دەرەوە و ئاشنابوون بە دونیای دەرەوەی ناو ماڵ کە دیارە لەو سەردەمەدا منداڵ دەتوانێ چاک و خراپ تا ڕادەیەک لێک جیا بکاتەوە و لێکدانەوەی بۆ بکات و زۆر جاریش دەتوانێ بریار لەسەر بابەتەکانیش.

قۆناغێکیتر کە دەتوانێ زۆر هەستیار بێ قۆناغی سەربەخۆ بوونە. کەواتە دەتوانین بڵێین کە تێپەڕاندنی قۆناغی منداڵی بەرەو مێرمنداڵی دەستپێکی گەشە کردنی جەستەیی و هزری منداڵە بەرەو گەورە بوون، قۆناغی تێپەڕاندن و گۆڕان بەرەو باڵغ بوونی جنسی و کۆمەڵایەتی و خۆناسینە.

مێرمنداڵی قۆناغی گواستنەوەی لە تەمەنێکی زۆر کەمدا بەرەو گەورەیی و سەربەخۆیی و هەروەها پەسەند کردنی ئەرکەکانی ژیان و بە کردەوە دەرهێنانیان . لەم بەشەدا مێر منداڵ لەگەڵ دوو پرسی گرنگ ڕووبەڕوو دەبێتەوە: لە گرنگترینیان دەتوانین ئاماژە بە تێڕوانین و بونیادنانەوەی پێوەندی لەگەڵ دایک و باوک و گەورەکان و کۆمەڵگا بکەین و هەروەها خۆناسین و خۆگونجاندن لەگەڵ ژیان و خۆ ڕێکخستن لەگەڵیان لە چەشنی مرۆڤێکی سەربەخۆ، دەتوانێ لەو پرسە گرنگانە بێت کە لەم وەرزە لە تەمەندا مێر منداڵ روبەرویان دەبێتەوە.

**درێژەی هەیە**

# ئەوان شۆڕشی خۆیان لە ناو دەستەکانیاندایە: پێویستە نەوەی نوێ بناسین



دڵنیا ڕەشید پوور




داهاتووی کۆمەڵگەی کوردی لە دەستی نەوەیەکە کە بە هیچ شێوەیەک وەک ئەوانەی پێشووتری خۆی نییە. بۆ تێگەیشتن لە ڕێگای داهاتوو، دەبێت تایبەتمەندییەکانی ئەم نەوە نوێیە، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان کە شێوەیان پێداوە، و پردی گواستنەوەی نێوان نەریت و نوێگەری تاوتوێ بکەین. جیاوازییەکانی نێوان بەهاکان، هەڵسوکەوتەکان، و تێڕوانینی جیهانی ئەم نەوەیە و ئەوانەی پێشووتر زۆر گەورەن. بۆ مامەڵەکردن بە شێوەیەکی کاریگەر لەگەڵیاندا، دەبێت سەرەتا لەوان تێبگەین.

داهاتووی کۆمەڵگەی کوردی لە دەستی نەوەیەکە کە بە هیچ شێوەیەک وەک ئەوانەی پێشووتری خۆی نییە. بۆ تێگەیشتن لە ڕێگای داهاتوو، دەبێت تایبەتمەندییەکانی ئەم نەوە نوێیە، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان کە شێوەیان پێداوە، و پردی گواستنەوەی نێوان نەریت و نوێگەری تاوتوێ بکەین. جیاوازییەکانی نێوان بەهاکان، هەڵسوکەوتەکان، و تێڕوانینی جیهانی ئەم نەوەیە و ئەوانەی پێشووتر زۆر گەورەن. بۆ مامەڵەکردن بە شێوەیەکی کاریگەر لەگەڵیاندا، دەبێت سەرەتا لەوان تێبگەین.

**پاشخانی کۆمەڵایەتی: نەریت و سنووردارێتییەکانی**

بۆ چەندین نەوە، کۆمەڵگەی کوردی بە نەریت، پیاوسالاری (پاتریارکی)، و کەمی (نەبوونی) پێناسە کرا. خێزانەکان زۆرجار گەورە بوون، سەرچاوەکان سنووردار و منداڵان لەناو پێکهاتەی توندا پەروەردە دەکران کە جەختی لە گوێڕایەڵی و گونجان دەکردەوە. نەوەی نەریتی لەژێر دەسەڵاتی توند، ئازادییەکی سنووردار و فشارە کۆمەڵایەتییەکاندا گەورە بوون کە بواری کەمیان بۆ گەشەکردنی تاکەکەسی یان دەربڕینی خۆ دەهێشتەوە.

ئەم سنووردارێتییانە شێوەی کەسایەتی، بیرکردنەوە، و دەرفەتەکانی نەوەکانی پێشووتریان دادەڕشتەوە. زۆرجار تاکایەتی کپ دەکرا؛ ژیانی تایبەت زۆر کەم بوو؛ ڕۆڵی منداڵان بەپێی پێویستی پێناسە دەکرا نەک بەپێی هەڵبژاردەی کەسی. ئازادی، دەربڕینی خۆ، و بیرکردنەوەی سەربەخۆ بگرە بارێکی نەرێنی هەبوو.

**نەوەی وەرچەرخان: «نەوەی سووتاو»**

لە نێوان نەریت و لاوی نوێدا، نەوەی وەرچەرخان یان گواستنەوە دەوەستێت، کە هەندێک جار پێیان دەوترێت «نەوەی سووتاو». ئەوان لەلایەن نەوەی نەریتییەوە پەروەردە کران بەڵام ڕێگەیان دۆزییەوە بۆ فراوانکردن لە دەرەوەی ئەو سنوورانەی بۆیان داڕێژرابوو. ئەوان لەژێر فشاری جەنگ، فشاری ئابووری، و کۆنترۆڵی پیاوسالاریدا ژیان، بەڵام خوێندەوارتر، هۆشیارتر، و تا ڕادەیەک کراوەتر بوون بە بەراورد لەگەڵ دایک و باوکەکانیان.

ئەم نەوەیە دەیانزانی ئەو شێوازەی کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا سنووردارکەر و نادادپەروەرانە بوو، نەیتوانی بگاتە لوتکەی توانای خۆی، بەڵام وزەی خۆی تەرخان کرد بۆ دڵنیابوون لەوەی کە منداڵەکانیان ئەو دەرفەتانەیان هەبێت کە خۆی نەیبوو. هەوڵیاندا سووڕی نەریت بشکێنن، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی نەوەیەک کە ئازادی، گرنگیپێدان، و بواری زیاتریان بۆ گەشەکردن هەبوو. ڕۆڵی ئەوان لە پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان نەریت و نوێگەریدا پڕبایەخ و گۆڕانکاریخواز بوو — ناتەواو بوو بەڵام بگرە شاکارێک بوو.

**نەوەی نوێ: پەروەردەکراو بۆ گەشەکردن**

ئەو نەوەیەی کە لەلایەن ئەم نەوەی وەرچەرخانەوە پەروەردە کران، چوونە ژینگەیەکی زۆر جیاوازەوە. خێزانەکان بچووکتر بوون، بە برا و خوشکی کەمترەوە بۆ ڕکابەریکردن لەسەر سەرنج و سەرچاوەکان. دایک و باوکان وزە و گرنگیپێدان و ڕێنمایی خۆیان لەسەر منداڵەکانیان چڕ کردەوە، کە بارودۆخێکیان بۆ گەشەکردن و خۆ-ڕاهێنان دروست کرد.

**ژیانی تایبەت و سەربەخۆیی (ئۆتۆنۆمی):** ئەو گەنجەی کە لە ئێستەدا پێگەیشتووە هەمان منداڵی ئەو دایک و باوکانەن کە توانیان زنجیری نەریتی کۆن بشکێنن. ئەوان هەر لە منداڵیەوەڕا ژووری تایبەت، کەلوپەلی تایبەت، و مافی بڕیاردانی تایبەتیان هەبوو. ڕێز لە ژیانی تایبەتان دەگیرا، کە متمانە بەخۆبوون، سنوورە کەسییەکان و سەربەخۆییانی پەرەپێدا. ئەوان وەک ئەندامی تەواوی خێزان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا، لە بڕیارداندا بەشدار دەکران، و وەک تاکێک بە بەهاوە دەناسران. بە گەورەبوون بەبێ هەستکردن بە تاوان یان شەرمەزاری لە بوون و لە جەستەی خۆیانان، پەیوەندییەکی تەندروستتریان پەرەپێدا، لەوانە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر، و تێگەیشتنێکی باشتر بۆ ناسنامەی خۆیان. دەستڕاگەیشتن بە فێربوون و بە سەرچاوە جیهانیەکان، حەزی لێکۆڵینەوە، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و تێڕامان لە وجود و خولیاکانی خۆیانی لەواندا چاند.

ئەوان کەمتر لە هەموو ڕابردوانیان هاواریان بەسەردا کرا، کەمتر کەسایەتیان بریندار کرا کەمتر تووشی لێدان و ترۆما بوون. ئەوان فێر بوون سنووریان دەبێت بپارێزرێت و ڕێزیان لە کەسایەتیان دەبێت بگیرێت.

**سەربەخۆیی و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:** ئەم نەوە نوێیە پلەیەکی بەرزی سەربەخۆیی لە بیرکردنەوە و کەسایەتیدا نیشان دەدەن. ئەوان حەزی لێکۆڵینەوە و پرسیارگەری، و بیرێکی هۆشیاریان هەیە. بە پێچەوانەی دایک و باوکەکانیان، ئەوان ڕاهێنراو نین بۆ قبوڵکردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی کوێرانە یان پابەندبوون بە نەریتە کۆنەکان تەنها لەبەر ئەوەی بە میرات گەیشتوون. ئەوان هەڵدەسەنگێنن، گومان دەخەنە سەر، و هەڵدەبژێرن بە پشتبەستن بە تێگەیشتن، نەک گوێڕایەڵی.

ئەم سەربەخۆییە ڕێگەیان پێدەدات کە ڕێسا زیانبەخشەکان ڕەتبکەنەوە و بەهاکانی ئازادی، خواستی کەسی، و دەربڕینی خۆیان لەباوەش بگرن. ئەوان لە بنەڕەتدا شۆڕشگێڕن — نەک بە واتای ئاژاوە، بەڵکو بەوەی کە پرسیار لەسەر سیستەمی دامەزراو بکەن و چوارچێوەی کۆمەڵایەتی نوێ دروست بکەن.

**نەوەی دیجیتاڵ و هۆشیاری جیهانی**

یەکێک لە تایبەتمەندییە پێناسەکارەکانی دیکەی ئەم نەوەیە، تێکەڵبوونیانە لەگەڵ تەکنەلۆجیادا. لە کاتێکدا نەوەی وەرچەرخان لە تەمەنێکی سەروتردا ئینتەرنێت و ئامرازە دیجیتاڵییەکانیان هاتنە نێو ژیانیەوە، بەڵام نەوەی نوێ لە جیهانێکی دیجیتاڵی و پەیوەندیداردا گەورە بوو. ئەمە لە بنەڕەتدا شێوە و توانای چارەسەرکردنی کێشە، لێهاتوویی کۆمەڵایەتی، و تێڕوانینی جیهانیانی لە ئەساسەوە جیاواز کردووە. مێکانیزمی بە کۆمەڵایەتی بوون و پەیوەندی کردن لەواندا جیاوازە لە پێشینیانی خۆیان.

سۆشیال میدیا و تۆڕە جیهانییەکان ئەوان بە هاوتەمەنەکانیان لە سەرانسەری جیهانەوە دەبەستێتەوە، کە بەرکەوتنێک بۆ بیرۆکە، کەلتوور، و سیستەمەکانی ئازادی هەمەچەشن دابین دەکات. ئەم پەیوەندییانە سەربەخۆیی، هۆشیاری، و توانای ڕێکخستنی بەکۆمەڵیان بەهێز دەکات. ئەو سنووردارێتییانەی کە جارێک نەوەکانی پێشووتریان دەستبەسەر کردبوو — وەک جیاکاری توندی ڕەگەزی یان نەریتە ناوخۆییەکان — کاریگەری کەمتریان لەسەر ئەم نەوەیە هەیە، کە وایان لێدەکات خۆڕاگرتر، خۆگونجێنرتر و جیهانیتر بن.

ئەم نەوەیە لە هەر نەوەیەکی پێشووتری خۆی قووڵتر لە ئازادی تێدەگەن، بە هۆی ئەوەی کە کەمتر لەگەڵ کۆت و بەندی فیزیکی و ڕۆحیدا ژیاون. ناتوانرێت بە نەریتە کۆنەکان، زۆرلێ کردن، یان پێکهاتە دەسەڵاتدارەکان حوکم بدرێن. پەروەردەیان و پەیوەندیان لەگەڵ ڕەوتی جیهانیدا، وای لێکردوون کەسانی پشت بە خۆبەستوو، پڕمتمانە و هۆشیار بن.

لە کاتێکدا بێ ئیراد نین، زۆر زیاتر توانای گەشتکردن بە ژیاندا بە سەربەخۆیی و بڕیاردانی ڕەخنەگرانەیان هەیە. ئەوان بەرهەمی هەمووی وزە و ئارەزووی نەوەی پێش خۆیانن، داهاتووی ئەم نەتەوە لە دەستی ئەواندایە. بۆیە کۆمەڵگا دەبێت لێیان تێگەیشتنی بۆیان هەبێت، متمانەیان پێبکات و ڕێزیان لێبگرێت نەک هەوڵ بدرێت بە شێوەیەکی کوێرانە کۆنترۆڵ بکرێن یان ڕەت بکرێنەوە.

توانای شۆڕشگێڕیی ئەم نەوەیە زۆر گەورەیە. ئەوان دەتوانن نەریتە کۆنەکان بخەنە ژێر پرسیار، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە داهێنان بکەن، و بەهاکانی کۆمەڵگا لە بنەڕەتەوە پێناسە بکەنەوە. سەربەخۆیی و هۆشیارییان وایان لێدەکات ببنە هێزێک کە ناتوانرێت لەلایەن سیستەمە پیاوسالارییەکان، دینیەکان یان نەریتییەکانەوە سنووردار بکرێن.

بۆ ئەوەی کۆمەڵگە داهاتووی گەشاوەی هەبێت، دەبێت تواناکانی ئەم نەوەیە بناسێت و پشتگیری گەشەکردنیان بکات. ئەوان پێویستیان بە ڕێنماییە، بەڵام نەک کۆنترۆڵ؛ پێویستیان بە تێگەیشتنە، بەڵام نەک دەسەڵاتخوازانە. ئەوان ئەندازیارانی داهاتوون، توانای دروستکردنی کۆمەڵگەیەکیان هەیە کە لەسەر بنەمای ئازادی، یەکسانی، زانیاری، و دەرفەت بێت.

# سیاسەتی نێونەتەوەیی و مافەکانی مرۆڤ





د. محەممەد حسێن زادە

بەشی یەکەم؛

١. مافەکانی مرۆڤ بریتیین لە کۆمەڵە مافیک کە پێویستە مرۆڤەکان بە پێی پێگە و کەرامەتی مرۆیی و بە حوکمی مرۆڤبوونیان و بە بێ لەبەرچاوگرتنی پێگە و بارودوخ و هەلومەرج و پلەوپایە و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تر لێیان بەهرەمەند بن. ئەو مافانە مافی ژیان، ئازادی و هەموو فاکتەرە پێویستەکان بۆ ژیانی مرۆڤایەتی لەخۆ دەگرن. نۆرمەکانی (NORMS) مافی مرۆڤ، پەیوەندییەک لە نیوان تاکەکان و بوارەکانی تر و بە تایبەت لە نیوان تاک و دەوڵەت پێک دێنن و هەندێ ئەرک و بەرپرسیارییەتی دێننە ئاراوە. لە جیهانی ئیستادا سەرەڕای ئەوەی بە هۆی جیاوازی بنەما فەلسەفییەکان و جیاوازی ئایینی و کلتوری و هەروەها جیاوازی ڕوانگە سیاسییەکان پێناسەیەکی گشتگیر و جیهانیی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ بوونی نییە، بەڵام کۆدەنگییەکی گشتیی هەیە سەبارەت بەوەی کە مرۆڤەکان خاوەن مافن. یاسای نیودەوڵەتی دانی بەو مافانەدا ناوە. زۆرێک لە دەوڵەتەکانیش ئەو مافانەیان لە دەستور و یاسای نێوخۆییدا داناوە و بەڵێنیان داوە ڕێزیان لێ بگرن. لێرەدایە کە مافەکانی مرۆڤ دەبەسترینەوە بە سیاسەت و هێزەوە. بە واتایەک مافەکانی مرۆڤ، جێبەجێکردنیان و پێشێلکردنیان وەک دیسکۆرسێک لە شانۆی نێودەوڵەتیدا دێتە ئاراوە.

٢. نەک هەر لە پێناسەکردندا بەڵکو بە کردەوەیش پرسی مافی مرۆڤ بە تایبەت لە حەفتا ساڵی ڕابردوودا گرنگی پێدراوە. لە ڕاستیدا پاش شەڕی دووەمی جیهانی پرسی مافی مرۆڤ پەرەی سەند. لەسەر بنەمای ڕێیکەوتنی بنەڕەتی لە نێوان گرووپی وڵاتانی سوسیالیستی و جیهانی سێیەم لە لایەکەوە و دەوڵەتانی ڕۆژاوا لە لایەکی ترەوە، سەبارەت بە پێویستبوونی ڕەنگدانەوەی بنەما گشتییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە ئاستی جیهانیدا، جاڕنامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و جاڕنامەی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان لە ساڵی ١٩٤٦دا پەسەند و لە ساڵی ١٩٧٦دا چووە بواری جێبەجێکردن. بەتایبەت پاش شەڕی سارد و بە چڕبوونەوەی ڕەوتی بەجیهانیبوون ئێمە بینەری ئەوەین کە لە ئاستی جیهانیدا گرنگی بە پرسی مافی مرۆڤ دەدرێ. لە ماددەی ٥ی بەشی یەکەمی بەیانیەی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ لە ڤیەنا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە هەموو گریمانەکانی مافەکانی مرۆڤ جیهانین. ئێستاش دەبینین کە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە پەسەند کراوە و دانی پێدا نراوە. ئەمەش هۆکارێکی ترە بۆ ئەوەی مافی مرۆڤ ببێتە باسێکی نێونەتەوەیی. بەڵام من دەمهەوێ باسی ئەوە بکەم کە بەجیهانیبوون و بە نیونەتەوەییبوونی مافەکانی مرۆڤ، بە مانای ئەوە نییە ئەو پرسە بووەتە ئەولەوییەتێک بۆ دەوڵەتان و ڕێزی لێ بگرن یان سیاسەتی خۆیان لەسەر بنەمای پەرەپێدان بە مافەکانی مرۆڤ دابڕێژن. بە پێچەوانەوە هێشتا پرسە ستراتیژیکەکان وەک ئەولەوییەت چاویان لێ دەکرێ و زۆربەی دەوڵەتەکان وەک وەسیلە و ئامرازێکی دابینکردنی بەرژوەندییە نیشتمانییەکانیان کەڵک لە مافی مرۆڤ وەردەگرن.

> **مافەکانی مرۆڤ بریتیین لە کۆمەڵە مافیك کە پێویستە مرۆڤەکان بە پێی پێگە و کەرامەتی مرۆیی و بە حوکمی مرۆڤبوونیان و بە بێ لەبەرچاوگرتنی پێگە و بارودوخ و هەلومەرج و پلەوپایە و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تر لێیان بەهرەمەند بن. ئەو مافانە مافی ژیان، ئازادی و هەموو فاکتەرە پێویستەکان بۆ ژیانی مرۆڤایەتی لەخۆ دەگرن. نۆرمەکانی (Norms) مافی مرۆڤ، پەیوەندییەك لە نیوان تاکەکان و بوارەکانی تر و بە تایبەت لە نیوان تاك و دەوڵەت پێك دێنن و هەندێ ئەرك و بەرپرسیارییەتی دێننە ئاراوە. لە جیهانی ئیستادا سەرەڕای ئەوەی بە هۆی جیاوازی بنەما فەلسەفییەکان و جیاوازی ئایینی و کلتوری و هەروەها جیاوازی ڕوانگە سیاسییەکان پێناسەیەکی گشتگیر و جیهانیی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ بوونی نییە، بەڵام کۆدەنگییەکی گشتیی هەیە سەبارەت بەوەی کە مرۆڤەکان خاوەن مافن. یاسای نیودەوڵەتی دانی بەو مافانەدا ناوە.**

٣.پێویستە ئاماژە بکرێ کە کاتێ دەوترێ لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا زۆر جار مافەکانی مرۆڤ دەکرێنە قوربانی ئامانجە ستراتیژیکەکان یان مافی مرۆڤ دەبێتە ئامراز و وەسیلەی دابینکردنی بەرژوەندییە نیشتمانییەکانی وڵاتانی تر و بە تایبەت وڵاتانی زلهێز، ئەوە بەو مانایە نییە کە هەمیشە و لە هەموو کاتێکدا بەو جۆرەیە بەڵکو باس لە ڕەوتی زاڵی سیاسەتی نێودەوڵەتی دەکرێت. تێگەیشتن لەو ڕاستییە پێویستی بەوە نییە کە کەسێک پسپۆڕ و شارەزای سیاسەتی نێودەوڵەتی بێت بەڵکو پێویستی بە خوێندنەوەی بنەما سەرەتاییەکانی سیاسەت و چاوخشاندنێکە بە سیاسەتی وڵاتانی زلهێزدا. کەوابوو مەبەست ڕەوتێکی زاڵی سیاسەتی نیودەوڵەتییە، دەنا بۆ نموونە کێ بێ نەزانێت نۆرمەکانی مافی مرۆڤ وەک نۆرمی نیودەوڵەتی ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە داڕووخانی دەسەڵاتی نەژادپەرەست لە روودزیا و ئەفریقای باشور.

٣. لە شانۆی سیاسەتی نێونەتەوەییدا دەوڵەتەکان ئەکتەری سەرەکی و دانەری یاسا و ڕێسا و نۆرمەکانن نەک ئەوەی پێمل و ملکەجی یاسا و ڕێساکان بن. دوا بە دوای شەڕی جیهانی دووەم دەوڵەتەکان لە لایەکەوە هەوڵیان دا بە پێی ڕەشنووسی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان پەیوەندییەکانی خۆیان و سیاسەتی نێودەوڵەتی ڕێک بخەنەوە و لە لایەکی ترەوە هەوڵیان دا لە ڕێگای پێکهێنانی بەڵگەنامەکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤەوە دۆخی ژیانی مرۆڤەکان لە ئاستی جیهانیدا باشتر بکەن. بەڵام دوو بنەمای سەرەکی لە سیاسەتی نیودەوڵەتیدا هەن کە لە مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەنگی داوەتەوە و دەوڵەتەکان لە بەراورد لەگەڵ مافی مرۆڤ زیاتر گرنگی بەو بنەمایانە دەدەن. ئەو دوو بنەما بریتین لە: سەربەخۆیی [یان بە واتایەک بەرابەری] وڵاتەکان و دەستێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی تر. بە حەقیقەت لە بەراورد لەگەڵ ئەو دوو بنەمایەدا مافەکانی مرۆڤ لە پەراوێزی سیاسەتی نیودەوڵەتیدان.

سەرەڕای ئەوەی هەندێ یاسا پەسەند کراون سەبارەت بەوەی کە وڵاتانی زلهێز هەندێ جار دەتوانن لە ڕێگای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە مەبەستی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەستێوەردان بکەن، بەڵام بە گشتی و وەک ڕەوتێکی زاڵ لە سیاسەتی نیونەتەوەییدا، دانپێدانان بە سەربەخۆیی وڵاتان و بەڵێندان بە دەستیوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی تردا ڕێگر و لەمپەڕ بووەن بۆ دەستێوەردان لە وڵاتانی پێشێلکەری مافەکانی مرۆڤ و ناچارکردنیان بە جێبەجێکردنی ئەو مافانە. ئەو تایبەتمەندییەی سیاسەتی نیودەوڵەتی ئەوەندە

...بۆ ل١١

درێژەی لاپەڕی ١٠

زەق و بەرجەستەیە کە دیکتاتۆرێکی وەک هۆگۆ چاوز بیری لەوە دەکردەوە کە لە ڕێکخراوە نیونەتەوەییەکاندا بە تۆمەتی دەستێوەردانی ئەمریکا لە کاروباری نێوخۆیی
و هەوڵدان بۆ کودەتا سکاڵا تۆمار بکات.
هەر بەو شیوەیە ڕژیمێکی دیکتاتۆری وەک ئێران بەردەوام مافی مرۆڤ لە ژێر ڕووکەشی سەربەخۆییدا پەرە پێدەدات و هەر جۆرە ڕەخنەیەکیش بە پاساوی ئەوەی دەوڵەتانی تر هەوڵی دەستێوەردان لە کاروباری نیوخۆییدا دەکەن، ڕەد دەکاتەوە.
٣.جگە لەو تایبەتەمەندییەی سیاسەتی نیودەوڵەتی، هەموو وڵاتان لە ڕەوتی داڕشتنی سیاسەتی دەرەکیدا گرنگی بە بەرژوەندییە نیشتمانییەکانی خۆیان دەدەن نەک بە مافی مرۆڤ و بە پێی تێگەیشتنێک کە لە بەرژوەندییە نیشتمانییەکانی خۆیان هەیانە سیاسەتی دەرەکی دادەڕێژن نەک بە پێی تێگەیشتنیان لە مافەکانی مرۆڤ. ئەمە مانای وایە کە بەرژەوندییەکانی وڵاتان لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤدا پێناسە ناکرێن بەڵکو ئەوە مافەکانی مرۆڤن کە لە چوارجێوەی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکاندا پێناسە دەکرێن.
گرنگترین بەرژوەندییەکان لە سیستەمی ئانارشیکی نێونەتەوەییدا بریتین لە زیادکردنی ڕێژەی هێزی بەردەست بە مەبەستی دابینکردنی ئاسایشی نیشتمانی و تەزمینکردنی مانەوە و مسۆگەرکردنی پێگەی خۆیان. مافەکانی مرۆڤ و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانیان لە ئاستی جیهانیدا تا کاتێ گرنگییان پێ دەدرێ کە لە خزمەتی بەرژوەندییە نیشتمانییەکاندا بن. ڕێبەرانی وڵاتان لە نێوان دوو بژاردەی دابینکردنی بەرژوەندییە نیشتمانییەکان و پەرەپێدان بە مافەکانی مرۆڤ، هەمیشە گرنگی بە بژاردەی یەکەم دەدەن. لە نموونەی چۆنیەتی سیاسەتکردنی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا دەبینین کە ئەو وڵاتانە لەسەر پرسی ئەتۆمی و مووشەکی کە زیانی زیاتر بە بەرژوەندییەکانیان دەگەیەنێت هەستیارترن تا سەبارەت بە پرسی مافەکانی مرۆڤ. بێدەنگی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە کاتی ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکانی سەعداباد و پاریس و پشت گوێخستنی پرسی مافەکانی مرۆڤ لە کاتی ڕێککەوتنی ئۆباما لەگەڵ ئێران و بەپێچەوانەوە زەقکردنەوەی پرسی مافەکانی مرۆڤ لە کاتی پێشێلکردنی مەرجەکانی ڕێککەوتننامەکان لە لایەن



**ئەو کاتانەی کە پێدەچێت وڵاتانی ڕۆژئاوایی زیاتر گرنگی بە پرسی مافی مرۆڤ دەدەن هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مافی مرۆڤ ڕیشەی لە ئایدۆلۆژیای ئەو وڵاتانەدایە و کەوابوو زۆر جار لە ئاراستەی بەرژوەندی ئەواندایە. وڵاتانی ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك پێشەنگ و ڕێبەری سیستەمی جیهانی لە ئێستادا، هەڵگری ئایدۆلۆژیای لیبرالیزمن کە بەسەر سیستەمی جیهاندا زاڵە و بە دڵنیاییەوە ناتوانن پرسی مافی پرۆڤ و پەرەپێدان بە مافەکانی مرۆڤ لە ئاستی جیهانیدا پشت گوێ بخەن. مافی مرۆڤ بەو پێناسەیە کە ئێستا لێی کراوە ڕەنگدانەوەی فەلسەفە و ژیانی ڕۆژاوایە و بۆیە هەوڵدان بۆ بلاوکردنەوەی ئەو مافانە لە قازانجی ئەواندایە. وڵاتانی ڕۆژاوا و لیبرال هەرچەندە کە پەرە بە مافەکانی مرۆڤ بدەن لە نیوخۆدا نەك هیچ گرفت و کێشەیەکیان بۆ دورووست نابێ بەڵکو پشتیوانی هاوڵاتیان بە دەست دەهێنن چونکە لیبرالیزم و ئازادی لەگەڵ ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگە تێکەڵ بووە**

ئێرانەوە و دەستکردنەوە بە پیتاندنی ئورانیوم لە قۆناغە جیاوازەکاندا، هەم دەرخەری ئەوەیە کە وڵاتانی ڕۆژاوا گرنگی زیاتر بە چارەسەرکردنی پرسی ئەتۆمی دەدەن و هەم نیشاندەری ئەوەیە کە مافی مرۆڤ وەک وەسیلەیەک بۆ فشاری زیاتر بۆ سەر ئێران بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنەکان دەبینن. هۆکاری بنەڕەتی ئەوەیە کە پەرەسەندنی چەکی ئەتۆمی زیاتر لە پێشیلکردنی مافی مرۆڤ بەرژوەندییەکانی ئەو وڵاتانە دەخاتە مەترسییەوە. ئەمە بە مانای خراپی وڵاتانی زلهێز نییە. بەڵکو تایبەمەندی سیاسەتی نیودەوڵەتییە.
٤. تەنانەت دەمهەوێ بڵێم ئەو کاتانەی کە پێدەچێت وڵاتانی ڕۆژئاوایی زیاتر گرنگی بە پرسی مافی مرۆڤ دەدەن هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مافی مرۆڤ ڕیشەی لە ئایدۆلۆژیای ئەو وڵاتانەدایە و کەوابوو زۆر جار لە ئاراستەی بەرژوەندی ئەواندایە. وڵاتانی ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک پێشەنگ و ڕێبەری سیستەمی جیهانی لە ئێستادا، هەڵگری ئایدۆلۆژیای لیبرالیزمن کە بەسەر سیستەمی جیهاندا زاڵە و بە دڵنیاییەوە ناتوانن پرسی مافی پرۆڤ و پەرەپێدان بە مافەکانی مرۆڤ لە ئاستی جیهانیدا پشت گوێ بخەن. مافی مرۆڤ بەو پێناسەیە کە ئێستا لێی کراوە ڕەنگدانەوەی فەلسەفە و ژیانی ڕۆژاوایە و بۆیە هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو مافانە لە قازانجی ئەواندایە. وڵاتانی ڕۆژاوا و لیبرال هەرچەندە کە پەرە بە مافەکانی مرۆڤ بدەن لە نیوخۆدا نەک هیچ گرفت و کێشەیەکیان بۆ دورووست نابێ بەڵکو پشتیوانی هاوڵاتیان بە دەست دەهێنن چونکە لیبرالیزم و ئازادی لەگەڵ ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگە تێکەڵ بووە بەڵام وڵاتانی نارۆژئاوایی کە بە هەڵکوەت زۆربەیشیان دێموکرات نین و هیچ گرنگییەک بە مافی مرۆڤ نادەن و بەشێک نییە لە بەرژەوەندییەکانیان دیارە پێشوازی لە پەرەسەندنی مافی مرۆڤ لە ئاستی جیهانیدا ناکەن چونکە دەبێتە هۆی لەدەستدانی ڕەوایی و شەرعیەتیان لە ئاستی نێوخۆ و فشارەکان لە ئاستی دەرەوەدا.
بۆیە زۆر جار دەبینین هەندێ لە وڵاتانی ئیسلامی (وەک ئێران) و هەندێ لە وڵاتانی سۆسیالیست (وەک کوریای باشوور و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو) ئەوەی کە "مافی مرۆڤ" ڕیشەی لە فەلسفەی ڕۆژئاوادایە دەکەنە بیانوو و پاساوێک بۆ ڕەدکردنەوە و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ. هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەو وڵاتانە پێیان وایە قەبووڵکردنی نۆرم و هەنجارەکانی لیبرالیزم نەک هەر بە واتای قەبووڵکردنی بیر و باوەڕی لیبرالییە بەڵکو بە مانای گرتنە بەری ڕەفتارێکی نوێیە. چونکە گۆڕینی نۆرمەکان دەبێتە هۆی گۆڕینی شۆناس و گۆڕینی شۆناس دەبێتە هۆی گۆڕینی بەرژوەندییەکان و گۆڕینی بەرژوەندییەکان ڕەفتاری نوێ دەخوازێت و ڕەفتاری نوێ پێویستی بە سیستەمی نوێیە!

DwaRoj

سەرنووسەر:
عەزیز ئاجیکەند
هەڵەچن:
سۆران محەمەدی

Dwaroj@komala.com

بۆ خوێندنەوەی دوارۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت
سەردانی www.komala.com بکەن
پەیوەندی dwaroj.net

# بەشداری ژنانی کۆمەڵە و ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد لە یەکەمین کۆنگرەی فیدراسیۆنی ژنانی دیاسپۆرای کوردستانی

ڕۆژی شەمە ڕێکەوتی ١١ی دێسامبر یەکەمین کۆنگرەی فێدراسیۆنی ژنانی دیاسپۆرای کوردستانی بە ئامانجی پتەوکردنی ڕێکخستنی ژنانی کوردلە دیاسپۆرا و دروستکردنی هاودەنگی لە نێوان ڕێکخراو و دامەزراوەکانی ژنان و فراوانکردنی خەبات بۆ ئازادی، پرسی نەتەوەیی، یەکسانی جێندەری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ ژنانی کورد پێکهێنرا.

ژنانی کومەڵە و هەروەتر ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد بە پەی بردن بە گرنگی ڕۆڵی ژنان لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان و تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەها لەم



پەیوەندەدا پێویستی بەستنەوەی خەباتی ژنان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، بەشداری لەم کۆنگرەیەدا کرد و بۆچوون و هەڵوێستەکانی خۆی لە چوارچێوەی خەباتێکی مۆدێڕن و دژە ستەم و باوەڕ بە دادپەروەری خستەڕوو.

لە کۆنگرەکەدا چەند بابەتێکی گرنگ تاوتوێ و ئاڵوگۆڕ کران کە بەشێک لەوانە بریتی بوون لە پێویستی ڕێکخستنی سەربەخۆ و هۆشیارانەی ژنانی کورد لە بەرامبەر بە پێکهاتە پیاوسالارییەکان و سیاسەتی جیاکاری حکومەتەکان و ڕۆڵی ژنانی کورد لە خەباتی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کلتووریدا. گرنگی پاراستنی شوناس و زمانی کوردی لە هەلومەرجی کۆچ و دەرەوەی وڵاتدا. بەدواداچوون بۆ بارودۆخی ژنانی کورد لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان و کاریگەریی سیاسەتی ستەمکارانەی حکومەتە دەسەڵاتدارەکان و کۆمەڵگەی نەریتی لەسەر ژیان و خەبات و پێگەیان. هەروەتر جەختکردنەوە لەسەر هاودەنگی و هاوکاری نێودەوڵەتی لەگەڵ بزووتنەوە پێشکەوتنخواز و یەکسانیخوازانەکان لەسەر ئاستی جیهانی.

لەم نێوەدا کۆمەڵە و ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد لە وتار و گفتوگۆکانیاندا جەختیان لەوە کردەوە کە ڕزگاری ژنان بەشێکی دانەبڕاوە لە ڕزگاری کۆمەڵگە، پرسی نەتەوەیی و چینایەتی، کە ئەمەش بەبێ ئامادەبوونی چالاک و ڕێکخراوەی ژنان، هیچ پرۆژەیەکی ڕزگاریخوازی نایەتە ئاکام.

ئێمە پێمان وایە خەباتی ژنانی کورد هاوتەریب دەبێ لە دژی چەوسانەوەی نەتەوەیی، چەوساندنەوەی جێندەری و چینایەتی پێشکەوێت و دیاسپۆرا دەتوانێت ببێتە گۆڕەپانێکی گرنگ بۆ ڕەنگدانەوەی دەنگی ژنانی کورد، ئاشکراکردنی سیاسەتی ستەمکارانە و بەهێزکردنی هاوپشتی نێودەوڵەتی.

چونکە بێگومان ئەزمون و دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی ژنانی کورد، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا، سەرمایەیەکی بەنرخە بۆ بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی کوردستان و جیهان.

ئێمە، یەکەمین کۆنگرەی فیدراسیۆنی ژنانی کورد لە دیاسپۆرا وەک هەنگاوێکی ئەرێنی و پێویست بۆ پتەوکردنی خەباتی ڕێکخراوەیی ژنانی کورد هەڵدەسەنگێنین و جەخت لەسەر بەردەوامی ئەم چەشنە هەوڵانە و فراوانکردنی هاوکاری و قووڵکردنەوەی پەیوەندیی نێوان خەباتی ژنان لە دیاسپۆڕاو و ناوخۆی کوردستان لە هەر چواربەش دەکەینەوە.

لە کۆتاییشدا جێی ئاماژەیە کە لە لیژنەی بەڕێوەبەری نوێی فێدراسیۆندا کە پێکهاتووە لە ٩ کەس، دوو لە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێیدا بەشدارن کە یەکیان هاوڕێ ئارێز محەمەدییە.

**بژی خەباتی ژنانی کورد**

**بژی ئازادی، یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی**

**کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**

**ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد**

## دواستون

## مافی مرۆڤ ئامرازی گوشار و دیپلۆماسی

١.کۆتایی شەڕی جیهانیی دووهەم و سەرکەوتن بەسەر فاشیزمدا، بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵگای جیهانی کە لە ژێر کاریگەریی شۆڕشی ئۆکتۆبردا هەنگای گەورەی بەرەو عەداڵەت و یەکسانی و پەرەپێدانی بایەخە ئینسانییەکان هەڵگرتبوو، زیاتر لە جاران ئامادەی ئاڵوگۆڕی گەورە بێ.

٢. ماوەیەک پاش کۆتایی شەڕ، جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ واژۆ کرا و وەکوو یەکێک لە گرینگترین پەیماننامەکانی مێژووی مرۆڤ کەوتە بەر دەستی خەڵک. پەسەندکرانی ئەو بڕیارنامەیە لە ڕێکخراوی تازە بنیاتنراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا نیشاندەری باڵادەستیی ڕوانین و ئامانجە چەپ و سوسیالیستییەکان بە تایبەت لە ئورووپادا بوو.

٣. کۆتایی شەڕ و باڵادەستیی بیر و ئامانجی سوسیالیستی بە خێرایی کاریگەریی لەسەر خەڵکی چەوساوە و بێبەشترین بەشەکانی کۆمەڵگای ئینسانی لە هەموو جیهاندا دانا. دانیشتوانی وڵاتانی "جیهانی سێهەم" بۆ یەکەم جار هەستیان بە ڕەخسانی دەرفەتێک بۆ ڕزگاریی خۆیان دەکرد.

٤. لە کوردستان کە شەڕی جیهانی ئاسەواری ڕاستەوخۆی لەسەر بزووتنەوە سیاسییەکان دانابوو، مەیل و سەمپاتی بۆ شۆڕشی ئۆکتۆبر و ڕابەرانی و ڕوانینی چەپ ڕەنگدانەوەی دیاریان لەسەر دروشمی سیاسیی ڕۆژ و شیعر و ئەدەبیات و نووسراوەکانی چالاکانی سیاسی دانابوو.

٥. لە دەیەکانی دواتردا ئەم ڕەوتە بە تەواوەتی گۆڕا و لەسەر هێڵی خۆی نەما. شکستی هەوڵی سۆسیالیستی لە سۆڤیەت، دابڕان و جیابوونەوەکانی نێو بزووتنەوەی سۆسیالیستیی جیهانی و زاڵ بوونی ڕەوتە ڕاست و دژە سۆسیالیستییەکان بەتایبەت لە ئورووپا، بیانوو و هەلێکی باشی بۆ مەیلی ڕاستی سەرمایەداریی ڕۆژاوا ڕەخساند کە بە هێرشکردنە سەر ڕەوتە سۆسیالیستییەکان بەر بە بڵاوبوونەوەیان لە ئەمریکا و ئورووپا بگرن و هاوکات تاڵان کردنی وڵاتانی "جیهانی سێهەم" ئاسانتر و بە ڕێگریی کەمترەوە جێبەجێ بکەن. لەو نێوەدا ناڕەزایی زانایانی سۆڤیەت بووبوو بە خۆراکی دەزگای پڕۆپاگاندای ڕۆژئاوا بەڵام تاوانەکانی ساڵانی دواتر لە چیچێن دەنگدانەوەیەکی وای لە ڕۆژاوادا نەبوو.

٦. ئەم ئاڵوگۆڕانە وایکرد لە شەڕی نێوان دوو بەرەی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات، مافی مرۆڤ و بابەتەکانی پەیوەندیداری ببن بە ئامرازێکی گرینگی گوشار و دیپلۆماسی. جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ چیدیکە مانای نەمابوو و لە ناوەرۆکەکەی خۆی بۆ دابینکردنی مافی مرۆڤ بەتاڵکرابووەوە.

٧. چیدیکە تاوانەکانی دیکاتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و سەربڕین بە شمشێر لە پێشچاوی خەڵک و  لەبەر ئەوەی هاوپەیمانی زلهێزەکانن سەرەنجی زۆر ڕاناکێشێ. باسکردن لەسەر کۆمەڵکوژیی کورد لەلایەن حکوومەتەکانی چوار وڵاتی داگیرکاری کوردستانەوە و دژایەتی کردنی و ناڕەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە تاوانەکانی ئەو حکوومەتانە بەرانبەر بە نەتەوەی کورد، بەوەوە بەستراوە کە ئەو ناڕەزاییانە چەند بە قازانجی زلهێزەکانە یان چەندە دەیانەوێ وەکوو کارتێکی گوشار دژی دەوڵەتەکان بەکاری بێنن. لە دەیەی ٦٠ی هەتاوی و بەتایبەت لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧دا کە هەزاران کەس لە زیندانەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران ئیعدام کران، ڕۆژاوای "مرۆڤ دۆست" بێدەنگیی هەڵبژارد لەبەر ئەوەی خەریکی "وتووێژی ڕەخنەگرانە" لەگەڵ حکوومەتی ئێران بوو. چیدیکە دۆخی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە ئەفریقا گرینگیی پێنادرێ لەبەر ئەوەی ئەفریقا بووەتە ناوچەیەکی لەبیرکراو و بۆ ئامانجە قازانجپەرەستانەکانی سەرمایەداری گرینگیی جارانی نەماوە.

٨. دەسەڵاتی فاشیستیی تورکییە کە سەودای زیندووکردنەوەی ئیمپراتوریی عوسمانی لەسەردایە و بەکار هێنانی چەکی قەدەغەکراوی لە کارنامەی خۆیدا هەیە و بە هەموو شێوەیەک خەریکی کاری تیرۆریستی و هێرش بۆ سەر نەیارانیەتی و جەنایەتی گەورەی خولقاندووە، بۆ ڕزگارکردنی خۆی لە ژێر گوشارە ناوخۆییەکان و بە مەبەستی ئیمتیازوەرگرتن لە زلهێزان بووتە لایەنگری درۆیینەی خەڵکی فەلەستین و ئازارەکانیان وەکوو ئامرازێک بۆ مەبەستەکانی خۆی بەکار دێنێ.

٩. چەکدارکرانی دەستە و تاقمی جۆراوجۆر، ڕووخاندنی دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتان، داڕەشتنی تەرحی کوودەتا، دەسڕاگرتن بە سەر بازاڕی فرۆشتنی سێکس و مادە سڕکەرەکان، شەپۆلی بەرینی پەنابەران بە هۆی شەڕ و دۆخی دڵتەزێنیان، یارمەتیدان بۆ مانەوەی دیکتاتۆرەکان و دەسەڵاتە دژە مرۆڤەکان هەموویان لە ژێردەسەڵاتی زلهێزەکاندا و بە بوودجەی سەدان میلیارد دۆلاریی واژۆکارانی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و بەناو لایەنگرانی جیهانی پێشکەوتوو ڕوو دەدەن و وایان کردووە مافی مرۆڤ و ئاواتی ئینسانەکان بۆ گەیشتن بە ئازادی و عەداڵەت و یەکسانی وەکوو خەونێک بێنە بەرچاو.

١٠. هەفتاو پێنج ساڵ پاش واژۆکرانی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، جیهان زیاتر لە جاران تووشی شەڕ و بێ مافی و برسیەتییە و جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ وەکوو ناوێکی بێناوەرۆک تەنها بۆ مەبەستە قازانجپەرەستانی خاوەن دەسەڵات و سەرمایەکان بەکار دەبرێ.

١١. ئەم دۆخەی ئەمڕۆ و تاریکستانی ٧٧ ساڵ پاش پەسەندکرانی ئەو جاڕنامەیە دەخوازێ کە هێزی هەموو خەباتکارە چەپ و سوسیالیستەکان و ئازادیخوازان و ئەوانەی بڕوایان بە ماف و بایەخە ئینسانییەکان هەیە بخرێتە گەڕ بۆ ئەوەی مرۆڤ لەم زونگ و زەلکاوەی چاوچنۆکیی سەرمایەدارانە، گشتخوازیی دەسەڵاتداران و ڕەوت و مەیلی دواکەوتووی پەرەگرتوو لە پەنایان، دروستیان کردووە ڕزگاری بێ. کوردستان خاوەن مێژوویێکی خەباتکارانەیە و بەتایبەت پاش شۆڕشی ژینا بەستێنێکی لەبارتری تێدا ڕەخساوە بۆ هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ و ڕۆشتن بەرەو کۆمەڵگایەکی یەکسان و عادڵانە. مرۆڤ دەتوانێ و دەبێ بگات بەو دنیایەی تێدا هەمووان لە ژیانی شیاوی مرۆڤی سەردەم بەهرەمەند بن.